

## سەبری ئەمریـکا بۆ سەرچیغبوونی

# ئەگەر لەژێر گوشارشـــ

# هەموو کێشەکان وەک



گوڵان
ژمارە (٧٩١)
٢٠١٠/٧/٢٦




## عێراقییەکان خەریکە کۆتایی دێت

# ـدا حکومەت پێکبهێنن
# خـۆیــان دەمـێننەوە



گوڵان
ژمارە (٧٩١)
٢٠١٠/٧/٢٦

## مایکل گەنتەر بۆ گوڵان:

# دەرفەتێکی باش ماوە تا لایەنە جیاوازەکان بتوانن حکومەتی نوێ پێکبهێنن



لەگەڵ ئــــەوەی بۆ ئەم راپۆرتە پێوەندیمان بە چەندین پسپۆر و تایبەتمەندی جیهانی و ناوخۆیی لەســـەر کێشەی پێکنەهاتنی لایەنە عێراقییەکان کــــردووە و هەموویان بەجۆرێـــك لە جـــۆرەکان هاوڕان لەســـەر ئەوەی ئەمریکا دەســـت لە کێشەی عێراق وەرنادات و پێکهێنانی حکومەت بۆ خودی عێراقییەکان بەجێدەهێڵێت، بەڵام ســـەبری ئەمریـــکا لە رۆژانـــی ٢٢-٢٠١٠/٧/٢٣ کۆتایـــی هاتوو باراك ئۆبامـــا رایگەیاند (کاتی ئـــەوە هاتووە عێراقییەکان شـــان بدەنە بەر بەرپرســـیارێتیە دەستوورییەکان و بەبێ دواکەوتن حکومەت پێکبهێنن)،٢٣-٢٠١٠/٧/٢٤، جۆزیـــف بایـــدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا بەتەلەفۆن پێوەندی بە کۆبێتەوە و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی کۆمار هەڵبژێرێت بـــۆ ئەوەی دوای ئەوە ســـەرۆك کۆمار کاندیدی سەرۆك وەزیران رابسپێرێت بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت، بۆیە بەپێی لێدوانێکـــی محەمەد بەیاتی کاندیـــدی ئیئتیلافـــی نیشـــتمانی بۆ (ئەسواتی عێراق)، ئێستا باس لەوە دەکرێت کـــە بیر لە دانانی ســـەرۆکێکی کاتی بۆ پەرلەمان بکەنـــەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر کاندیدی پۆســـتی سەرۆك وەزیران یەکلایی نەکرێتـــەوە، ئەوا هیچ گومانی تێدانییـــە ناتوانرێت پۆســـتی ســـەرۆکی پەرلەمان و ســـەرۆکی کۆمـــار یەکلایی بکرێنەوە، هەربۆیە پەنابردنی عێراقییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی کاتی کە ئێستا بەریتانیا پێویســـتی بە پێنج کاتژمێر بێت، ئەوا لە عێراقدا لەوانەیە پێویســـتی بە ٥ مانگ بێت، ئەم قســـەیەی هیڵ ئەوەی لێدەخوێنرایـــەوە بـــەوەی ئەمریکییـــەکان لەگـــەڵ ئـــەوەی لـــەو قەناعەتـــەدان عێراقییـــەکان بەخواســـتی خۆیان نەگەنە رێککەوتـــن، بەڵام ئەگەر هەر ســـووربن لەسەر ئەوەی نەیانەوێت بگەنە رێککەوتن، ئەمریـــکا لە ٥مانگ زیاتـــر تەحەموول نـــاکات و دوای ئـــەوە گوشـــاری خۆی دەســـت پێدەکات، بەپێی لێدوانەکەی باراك ئۆبامـــاش بۆ ســـەرکردە عێراقییەکانیش، ئیـــدارەی ئەمریکا هەر چـــوار مانگ و نیو تەحەموولـــی کرد و لەرۆژی ٢٢-٢٣ /٢٠١٠/٧ رایگەیاند، دەبێت بەبێ دواکەوتن ســـەرۆکەکانی هەردوو لیستی ئەلعراقیە و لیســـتی دەوڵەتـــی قانوون کـــردووە کە رێککبکەون و حکومەتێك پێکبهێنن کە هەر چوار لایەنە سەرەکیەکە لە خۆی بگرێت، (ئەلعراقیـــە، دەوڵەتی یاســـا، ئیئتیلافی نیشتمانی، فراکســـیۆنی کوردستان)، ئەم دوو بانگەشەیەی سەرۆك ئۆباما و جۆزیف بایدنی جێگری ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەمریکا بەتەواوەتی گوشاری خۆی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت حکومەتی داهاتوو پێکبهێنرێـــت، بەڵام وێـــڕای هەموو ئەم گوشارانەش تا نووسینی ئەم دێڕانەش لە رۆژی (٢٠١٠/٧/٢٤)، هێشتا مەزندەکان بەو ئاڕاستەیە نین کە پێشبینی ئەوە بکرێت رۆژی دووشەمەی دادێ پەرلەمانی عێراق بەشێوەیەك بەتەمەنترین ئەندام کە ( فوئاد مەعسووم)ـە سەرۆکی پەرلەمانە، نیشانەی ئەوەیە کە پرۆسەکە لەوپەڕی مەترسیدایە و ئەگـــەر زوو دەروازەیەك بـــۆ دەرچوون لەم مەترســـییە نەکرێتەوە، ئەوە عێراق بە تەواوەتی دەکەوێتە ناو بۆشاییەکی سیاسی و دەستوورییەوە.

### مەترسییەکانی دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا

کریســـتۆفەر هیـــڵ باڵیـــۆزی ئەمریکا لەعێـــراق لە کۆڕەکەیدا لـــە ئامۆژگای چاتام هاوسی پادشایەتی لەبەریتانیا لەسەر عێراق، راشکاوانە ئەوەی خستەڕوو ئەگەر دوای هەڵبژاردن پێکهێنانی حکومەت لە حکومـــەت پێکبهێنرێت، ئـــەم پەیامەی ئۆباما لە روویەکـــەوە لەو پەیامەی بوش دەچێـــت کە رۆبەرت گیتـــس لە بەهاری ٢٠٠٨ بـــۆ ژەنرال بیوکانیتی ســـەرۆکی ئەرکانی تورکیای نـــارد و پێی راگەیاند ســـەرۆك بوش دەخوازێت ئۆپەراسیۆنەکە بەزوویی لەناو خاکی هەرێمی کوردســـتان کۆتایی پێبێت، بیوکانیت کە لە شـــێوازی دەربڕینەکـــەی گیتـــس بۆ کشـــانەوەی لەهەرێمی کوردســـتان بەتەواوەتی حاڵی نەببـــوو، بەپێکەنینەوە وەڵامـــی دایەوە، زوو کشـــانەوە لەوانەیـــە بەیانـــی بێت و لەوانەیە ســـاڵێکی تر بێـــت، بەڵام گیتس جەختیکردەوە کە باش لە پەیامەکەی بوش تێبـــگات و دەیەوێت بەزوویی لە هەرێمی

> لە عێراقدا هەموو لایەنەکان خوازیاری ئەوەن و هەوڵدەدەن پۆستی بەرپرسیارێتی و سەرکردایەتیکردن و سەرۆکایەتیکردنی وڵاتەکە بگرنەدەست


> ئەگەر هەڵبژاردنەکان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بوونایە، ئەوا پاڵێوراوی لیستی دەوڵەتی یاسا براوە دەبوو

کوردستان پاشەکشـــە بکەن، بیوکانیت کە تەنیـــا چەند کاتژمێرێك لە تێگەیشـــتنی پەیامەکەی بوش تێگەیشت، فریای ئەوە نەکەوت بە حکومەتی تورکیا رابگەیەنێت دەکشـــێمەوە، راســـتەوخۆ لە ویبســـایتی ئەرکاندا بڵاویکردەوە کشـــانەوەمان دەست پێکرد، ئاراســـتەی پەیامەکەی ئۆباماش بۆ سەرکردەکانی عێراق هەمان ئاراستەی لێدەخوێنرێتەوە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە لەبەر ئەوەی ئەزموونی بیوکانیت لە زمانی دیپلۆماتی ئەمریکا زیاتر بوو، پێویســـتی بەوە نەبوو دیك چینی جەخت بکاتەوە کە ئەمریکا لەم پەیامەیدا جددیە، بەڵام لەبەر ئەوەی عێراقییەکان ئەزموونیان کەمە، بۆیە رۆژی دواتـــر دوای پەیامەکەی ئۆباما هەڵبژاردن ئەنجامدراوە و عێراقییەکانیش هەر ســـەرقاڵی کۆبوونـــەوە و پێکهێنانی لیژنە و سەفەرکردنن بۆ تەهران و دیمەشق و قاهیـــرە و چەندین وڵاتـــی دیکە، واتە ئێســـتا عێراقییەکان لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەســـوڕێنەوە، ئەمـــەش لـــە بەرژەوەندی عێراقدا نییە، خەڵکـــی بێزار بوونە، ئەمە لە خزمەتی باشـــترکردنی رەوشی ئەمنیدا نییە، دۆخی ئەمنی بێ بوونی حکومەت بەرەوپێشچوون بەخۆوە نابینێت. ئەمە زیان لە تێکڕای چیـــن وتوێژەکانی کۆمەڵگە دەدات. لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەبێت ئەو راســـتیە بزانین کە عێراقییەکان متمانەیان بە کەسایەتییە سیاســـییەکان نەبەخشیوە، ئەوان متمانەیان بە پارت و هاوپەیمانێتیە پرۆســـەیە پێویســـتی بە قوربانیدانە، بۆ نموونـــە ئێمە ئەو حاڵەتەمـــان بەدی کرد لە بەریتانیادا کە لـــە دوای راگەیاندنی ئەنجامـــی هەڵبژاردنەکانـــەوە توانـــرا لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا پرۆسەی پێکهێنانی حکومـــەت یەکلابکرێتـــەوە، ئەویـــش بە هەســـتانی گۆردن براون بە کشاندنەوە لە پۆستی ســـەرۆك وەزیران و گرتنەدەستی ئەم پۆستە لەلایەن کامیرۆنەوە. بە هەمان شێوە لە ساڵی ٢٠٠٠یشـــدا کاتێك کێشە و گرفت لەســـەر ئەنجامـــی هەڵبژاردنە ســـەرۆکایەتییەکان دروست بوو، ئال گۆر کشـــاندنەوەی خۆی راگەیانـــد و جۆرج بۆشیش ســـەرۆکایەتی گرتەدەست. بەڵام لە عێراقدا هەموو لایەنـــەکان خوازیاری

> **عێراق یان ڕێگەی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوە دەگرێت یاخود دەکەوێتە ژێر دەستی کەسێکی دیکتاتۆرەوە. هیچ یەکێک لەم دوو ڕووداوەش لە بەرژەوەندی کوردا نابێت**

## عەلی ئەدیب بۆ گوڵان:

# ئەگەر بوترێت دەبێت ئەوەی زۆرترین دەنگی هێنا تەنازول بکات ئەوا ئەمە بێ ئینسافیە



> **ئەمریکا لە نێوان سیاسەتی واقیعی و خواستی کشانەوەدا دەبێت بڕیار بدات، کە کشانەوە هاوشانە بە ئەگەری سەرهەڵدانی کێشەگەلێکی گەورە**

بایدن بەشەخسی تەلەفۆنی بۆ عەلاوی و مالیکی کردووە کە حکومەتێك پێکبهێنن هەر چـــوار لایەنە ســـەرەکیەکە لەخۆی بگرێـــت، جەختکردنـــەوەی بایدن لەدوای هاتنی بۆ عێراق و ئێســـتاش بە پێوەندی تەلەفۆنی ئاماژەیە بۆ ئەو مەترسییانەی لەئاکامـــی پێکنەهێنانـــی حکومەتـــی عێراق رووبەڕووی دەبنەوە. ســـەبارەت بەو مەترسییانە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر لوئەی بەحری کرد کە یەکێکە لە پرۆفیسۆرەکانی عێراق و پێشتر لەزانکۆی بەغدا و ئێستاش ئوستادی زانستی سیاســـەتە لەزانکۆی تێنسی، لەوەڵامدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی و وتی : (لە راستیدا ئەم پرۆســـەیە دواکەوتـــووە، پێنج مانگە سیاســـییەکان بەخشـــیوە، بەڵام بە داخەوە سیاسییەکان وەك دەســـتکەوتی شەخسی مامەڵە لەگەڵ ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا دەکـــەن. لەبەر ئـــەوە پێموایـــە دەبێت ئەو کەسایەتییانە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن و هەوڵی گەیشـــتن بە چارەسەرێك نەدەن کـــە ئیمکانی هێنانەدی ئەو چارەســـەرە لە ئارادا نەبێـــت و پەرلەمانی وڵاتەکەش بـــە زووترین کات کۆبببێتەوە و ســـەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێرێت، چونکە نەگەیشـــتن بە ڕێککەوتن دەبێتەهۆی درێژەکێشـــانی بۆشایی دەسەڵات. هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان دەبێتە یەکەم هەنگاوی گەورە بە ئاڕاســـتەی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی ئێستا عێراق بەدەســـتییەوە دەناڵێنێت. ئەم ئەوەن و هەوڵدەدەن پۆســـتی بەرپرسیارێتی و سەرکردایەتیکردن و سەرۆکایەتیکردنی وڵاتەکە بگرنەدەســـت، بـــەڵام وڵات بەم شێوەیە حکومڕانێتی ناکرێت و بەم شێوەیە بەڕێوەنابردرێـــت.. ئەمـــە لەلایـــەك، لە لایەکی دیکەوە دەبێـــت عێراقییەکان ئەو راستیەیان لەبەرچاو بێت کە بەرپرسیارێتی چارەســـەرکردنی کێشـــە و ناکۆکییەکانی وڵاتەکەیـــان دەکەوێتە ئەســـتۆی خۆیان، ئەمـــە بەرپرســـیارێتی و ئەرکی ئەمریکا نییە ئەم کێشـــانە چارەسەربکات. چونکە عێراق بە چەشـــنی هـــەر وڵاتێکی دیکە خاوەنی ســـەروەریە و دەبێـــت خۆی بڕیار لە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی بدات. هەروەهـــا دەبێت عێراقییەکان چیتر



**سەپاندنی چارەسەرێکی دیاریکراو لەلایەن ئەمریکاوە رەنگە لە مەودای نزیکدا ئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە، بەڵام لە مەودای دووردا لە بەرژەوەندی عێراقییەکاندا نابێت**

کار بە چەمکەکانی «موحاصصة، شراکة، دیمقراطیة التوافقیة» نەکەن، بەڵکو بەپێی پرۆسە دەستوورییەکە هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی ئاسایی بدەن کە لەسەر بنەمای زۆرینە پێکهاتبێت و ئەو کەس و لایەنانەش کە بەپێی ئەم پرۆسەیە ناتوانن بەشداری بکەن رۆڵی موعارەزە ببینن لە وڵاتەکەدا. ئەگەر نا رەنگە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت پێنج مانگی دیکەش بخایەنێت).

هەر لەهەمان چوارچێوەدا و بۆ هەمان پرس، پرسیارمان لەبەرێز عەلی ئەدیب کرد کە یەکێکە لە سەرکردەکانی لیستی دەوڵەتی قانوون و حزبی دەعوا و یەکێکە لە نزیکەکانی د.مالکی، ئەویش لەوەڵامدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان خستەڕوو وتی: (لەبەر ئەوەی ئەو ئەنجامەی هەر چوار لیستە گەورەکە لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستیان هێنا لە یەکەوە نزیك بوون، ئەوا ئەمە بووە هۆکارێك بۆ دروستبوونی ناهاوسەنگییەك کە کاریگەری هەبوو لەسەر رەوتی هەڵبژاردنی کەسانی شیاو بۆ ئەو سێ پۆستە. هەروەها ئەگەرچی تێڕوانینی خەڵك ئەوەیە کە ئەم قەیرانە مایەی چارەسەرکردن نییە، بەڵام پێموایە لە رۆژانی داهاتوودا بەرەو چارەسەربوون دەچێت، ئەویش بەهۆی چڕبوونەوەی گفتوگۆکانی نێوان هاوپەیمانی نیشتمانی کە لە دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانی پێکهاتووە، ئێوەش دەزانن پرسی دیاریکردنی سەرۆك وەزیران تەوەری گفتوگۆکان بووە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی دیکە. لەم رووەوە پێموایە لە رۆژانی داهاتوودا رێککەوتن دەکرێت لە ناو هاوپەیمانی نیشتمانیدا، بەو پێیە گەورەترین کوتلەی ناو پەرلەمان پاڵێوراوێکی دیاریکراوی دەبێت بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کە لایەنەکانی دیکەش دەنگی بۆ دەدەن لەبەرامبەر یەکلاکردنەوەی هەردوو پۆستە سیادییەکەی دیکەدا و ئەوکاتە سەرۆك کۆمار پاڵێوراوی سەرۆك وەزیران تەکلیف دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەت و دیاریکردنی وەزیرەکان لە نێو هەر چوار لیستە گەورەکەدا، هەر یەکە بەپێی ئیستیحقاقی خۆی. کەواتە قەیرانەکە بەرەو یەکلابوونەوە دەچێت ئەویش لەسەر دەستی عێراقییەکان و لە ئەنجامی گفتوگۆی راستەوخۆی نێوان کوتلەکاندا. بۆیە پێموایە دەبێت پرۆسە سیاسییەکە بکرێتە ئەساس، ئەگەر بەپێی ئەم پرۆسەیەش کەسێکی دیاریکراو زۆرترین پاڵپشتی خەڵك بەدەست بهێنێت، ئەوا نابێت ئەو کەسەی کە زۆرینەی خەڵك هەڵوێستێکی ئیجابییان هەیە لە ئاستیدا تەنازول بکات، دەبێت ئەو کەسە تەنازول بکات کە کەمتر پشتگیری دەکرێت لەلایەن خەڵکەوە، ئەگەر هەڵبژاردنەکان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بوونایە، ئەوا پاڵێوراوی لیستی دەوڵەتی یاسا براوە دەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی بەشی دووەمی پرۆسە دیموکراتیەکە پێویست بە ئەنجامدانی گفتوگۆ دەکات لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بۆ هێنانەدی تەوافوق، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوەنییە کە ئەوەی زۆرترین دەنگی هێناوە دەبێت ئەو تەنازول بکات، دواتر ئایا تا ئێستا کێ تەنازولی کردووە، ئەوەی دەنگی زیاتری بەدەست هێناوە یان ئەوەی دەنگی کەمتری بەدەست هێناوە، دەبێت ئەمە پێوەری سەرەکی بێت کە لایەنەکان پەنای بۆ ببەن، بەڵام ئەگەر بوترێت دەبێت ئەوەی زۆرترین دەنگی هێنا تەنازول بکات «واتە د.مالیکی» ئەوا ئەمە بێ ئینسافیە).

**کوردەکان بەشێکن لە بارودۆخەکە و ئەوان بەدەر نین لە هەلومەرجەکە، گفتوگۆکانیان و بەشداری کردنەکانیان کاریگەری دەبێت لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەکان**

مایکل گەنتەریش کە یەکێکە لە چاودێرە جیهانییەکان لەسەر پرسی عێراق و کورد هەر بۆ ئەم راپۆرتە بەشداریکردین و لەبارەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ دەربڕین: (ئەوە راستە کە هێشتا عێراقییەکان نەیانتوانیوە بگەنە رێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێ، ئەمەش دۆخێکی ناسەقامگیرە کە ئەگەر درێژە بکێشێت، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر عێراقی فیدراڵی و دیموکراتی، کە عێراقێکی لەم چەشنە خواست و ئامانجی کوردەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا، هیشتا هەل و مەرجەکە نەگەیشتۆتە ئاستێك کە هیچ ئومێدی بەرەوپێشچوونی لێنەکرێت. گفتوگۆکان بەردەوامن و پێشبینی دەکەم لە کۆتاییدا رێککەوتنێك بێتەئاراوە. هەرچۆنێك بێت، ئەوە روونە کە پێویستە



**دەبێت دۆخەکە لە عێراقدا بگاتە ئەو حاڵەتەی کە هەموومان لەناو بازنە گەورەکەدا کار بکەین کە بازنەی نیشتمانە**

دۆست و پشتیوانەکانی عێراق لە سەروویانەوە ئەمریکا دەستڕۆیشتوویی خۆیان بە ئاشکراو بە شێوازەکانی دیکە بەکاربهێنن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا.. بەڵام ئەم بەنبەست گەیشتنە حکومییە بۆمن جێی نائومێدی بوو، بەڵام بە تەواوەتی جێی سەسوڕمانی من نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا دەرفەتێکی باش ماوە کە لایەنە جیاوازەکان بتوانن حکومەتی نوێ پێکبهێنن. ئەگەرنا، ئەوا عێراق یان ڕێگەی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوە دەگرێت یاخود دەکەوێتە ژێر دەستی کەسێکی دیکتاتۆرەوە. هیچ یەکێك لەم دوو ڕووداوەش لە بەرژەوەندی کورددا نابێت، کە بەرژەوەندی کوردیش لە هاتنەدی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتیدایە. لەم ساتەوەختەدا سەربەخۆبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی کورددا نییە لەبەر ئەوەی کێشەی گەورەتر دروست دەکات لەگەڵ تورکیا و ئێراندا کە هەردوو ئەم وڵاتە زەرورن بۆ ئەوەی کوردەکان داهاتوویەکی گەشیان هەبێت. ئەگەر هەردوو وڵات عێراقێکی فیدراڵی یەکگرتوو قبوڵ بکەن، کە ئەمە بوار بەکوردەکان دەدات هەموو ئەوانە بەدەست بهێنن کە بەهۆی سەربەخۆییەوە بەدەستی دەهێنن، بەڵام بێئەوەی ئەمە هاوشان بێت بەو کێشانەی کە سەربەخۆیی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت).

هەندێك لە چاودێرانیش مەسەلەی دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بۆ شکستی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا دەگێڕنەوە، لەم چوارچێوەیەدا پرۆفیسۆر ئامۆز گۆیری کە ئوستادی یاسایە لە زانکۆی ئۆتۆ لە کەنداو تایبەتمەندە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خستەڕوو وتی : (ئەگەر لە ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەم مەسەلەیە بڕوانین، ئەوا پێویستە ئەم پرسیارە بکەین کە ئایا بارودۆخی سیاسی عێراق لەساڵی ٢٠١٠دا بەو شێوەیە بەرەوپێشچووە کە داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا پێشنبینیان دەکرد و بەرنامەیان بۆ دانابوو؟ بێگومان نەخێر، هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە تێکڕای ئەو هۆکارانەی ئەمریکا بۆ پاساوهێنانەوە بۆ داگیرکردنی عێراق خستنیەڕوو بێبنەما دەرچوون، هەر لە بیانوی بوونی چەکی کۆمەڵکوژ و و پێوەندی سەددام بە ئوسامە بن لادنەوە. لە هەمان کاتتدا بیانوی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لە عێراقدا کە ئێستا پرسیار لەوە دەکرێت ئایا ئەمریکا دەتوانێت ئامانجەکانی خۆی لە عێراقدا بهێنێتەدی لە ساڵی ٢٠١٠دا؟ یاخود ئایا هەلومەرجەکە بە ئاڕاستەیەکدا دەڕوات کە لەگەڵ خواست و ویستی عێراقییەکاندا بیگونجێنێت؟ بێگومان نەخێر. هەروەها دەمەوێت بڵێم ئەمریکا سیاسەتێکی جێگیری نییە لە عێراقدا، ئەوەی هەیە سەرۆکی ئەو وڵاتە خوازیارە تەواوکردنی پرۆسەی کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەیەتی لە عێراقدا، بە تایبەتی کە بارودۆخی ئەفغانستان بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەچێت. کەواتە ئەمریکا پێویستی بە کشاندنەوەی هێزەکانێتی لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت بە تەواوەتی لەو وڵاتە بکشێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا سەرمایەیەکی مرۆیی و دارایی زۆری لەو وڵاتەدا خستەگەڕ، لە هەمان کاتدا ئەو فشارەش لەسەر ئەمریکا دروست دەبێت کە دەبێت بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی کێشەیەك بگرێتەئەستۆ کە خۆی بەرپرسیارە لە خوڵقاندنی، کە لەم ڕووەوە ئەگەر ئەمریکا بە تەواوەتیش بەرپرسیار نەبێت لە خوڵقاندنی کێشەکانی عێراق، ئەوا بەشێکی بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، کەواتە ئەمریکا لە دۆخێکی دژواردایە، لە لایەك ناتوانێت عێراق جێبهێڵێت کە ئەگەر هاتوو لە دوای کشاندنەوەی ئەو هێزانە کێشەگەلێکی زۆر ڕووبدەن وەك ڕوودانی تەقینەوە و توندوتیژی و هەڵکشانی کێشە و قەیرانەکان، لەلایەکی دیکەشەوە بارودۆخێکی یەکجار ئاڵۆز و پڕ لە پشێویش لە ئەفغانستاندا دروست بووە. کەواتە ئەمریکا لە نێوان سیاسەتی واقیعی و خواستی کشانەوەدا دەبێت بڕیار بدات، کە کشانەوە هاوشانە بە ئەگەری سەرهەڵدانی کێشەگەلێکی گەورە، لە هەمان کاتدا، جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیش پێویستی بە

**ئێستا عێراقییەکان لە گەیشتن بە چارەسەر نزیکبوونەتەوە و هیچ پێویست بە دەستێوەردانی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان ناکات**

ئەنجامدانی ئەو کشانەوەیەیە).
سەبارەت بە چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا پرۆفیسۆر ئامۆز جارێکی دیکە راشکاوانە بۆ ئەم راپۆرتە هاتەوە ئاخاوتن و وتی: (ئەم پرسیارە تەنیا عێراقییەکان دەتوانن وەڵامی بدەنەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەرکی یەکالاکردنەوەی ئاڵۆزییەکان لە عێراقدا لە ئەستۆی خودی خەڵکی عێراق خۆیدایە، بەڵام دەبێت بە چەشنێك ئەو ئاڵۆزییانە چارەسەر بکەن کە رەنگدانەوەی بنەما دیموکراتییەکان بێت، لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین کە دۆخێکی ناجێگیر لە ئارادایە و توندوتیژی و تەقینەوە لەو وڵاتەدا روودەدا، کە ئەمەش ئەوەندەی

**تاوەکو عێراقییەکان نەتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەربکەن، ئەوا دەسرۆیشتوویی و کاریگەری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەڵکشاندا دەبێت و بەردەوام دەبێت**

**رۆڵی کورد لەم پرۆسە ئاڵۆز و گرنگەدا**

بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەفتەی رابردوو لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا، راشکاوانە ئاماژەی بەوەکردبوو ئەگەر سەرکردە عێراقییەکان ئامادەیی ئەوەیان هەبێت لەگەڵ یەکدا رێکبکەون، بەرێزی ئامادەیە بچێت بۆ بەغدا و رۆڵی خۆی بۆ پێکهاتن و لێکنزیککردنەوەی بۆچوونەکان بگێرێت، هەروەها ئاماژەشی بەوەکرد، ئامادەیە داوەتی لایەنە عێراقییەکان بکات بۆ ئەوەی بێنە هەولێر و لە هەولێر وتووێژ لەسەر ئەو پرسە گرنگە بکەن، بەڵام بەرێزی ئەوەی لێنەشاردینەوە ئەگەر لایەنە عێراقییەکان ئامادەیی رێکەوتنیان نەبێت، ئەوا هەرچی

و بەشداری کردنەکانیان کاریگەری دەبێت لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەکان. ئێستا کێشە و ئاڵۆزی لە عێراقدا هەیە، پرسیارەکانی ئێوە بەڵگەی بوونی قەیران و کێشەن لەم وڵاتەدا، لە عێراقدا چەند ریزبەندیەك هەیە کە هەر یەکە لەم ریزبەندیانە مۆرکێکی تائیفی و نەتەوەییان هەیە کە دەبوو عێراق خۆی لێ رزگاربکردنایە، هۆکاری ئەم حاڵەتەش بۆ ئاسەوارە کەڵەکەبووەکانی رابردوو دەگەرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ناسنامەی نیشتمانی لە سەرووی هەموو ناسنامەکانی دیکەوە بێت، بەڵام هێشتا هەلومەرجی عێراق ئەوەندە کامڵ نەبووە کە دەست لە کارکردن لەسەر ئەساسی تائیفیەت هەڵبگیرێت، هەرچۆنێك بێت دەبێت



## لوئەی بەحری بۆ گوڵان:

# ئێستا عێراقییەکان لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسورێنەوە

**گەلی عێراق ئامادەیی باشتری هەیە بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی زیاتر**


دیکە ئەرکی عێراقییەکانی سەخت کردووە، لەگەڵ ئەوەدا ئەمە بەرسیارێتیەکە تەنیا و تەنیا دەبێت عێراقییەکان لە ئەستۆی بگرن و سەپاندنی چارەسەرێکی دیاریکراو لەلایەن ئەمریکاوە رەنگە لە مەودای نزیکدا ئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە، بەڵام لە مەودای دووردا لە بەرژەوەندی عێراقییەکاندا نابێت).
ئەم قسانەی پرۆفیسۆر ئامۆز لەگەڵ ئەوەی ئاماژەیەکی راشکاوانەن بەوەی دەبێت سەرکردە عێراقییەکان بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناغەی وڵاتی خۆیان هەڵبگرن، بەڵام واقیعی حاڵی عێراق پێمان دەڵێت عێراقییەکان ناتوانن ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە.

وتووێژێك بکرێت سوودی نابێت، بەڵام دوای پێوەندییە تەلەفونییەکەی بەرێزیان لەگەڵ هەریەك لە موقتەدا سەدر و د.ئەیاد عەللاوی، بەرێز بارزانی داوەتی کردن بێن بۆ هەولێر بۆ ئەوەی دەروازەیەك بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە و بەپێی بۆچوونی چاودێرانیش پێیانوایە ئەگەر ئەو کۆبوونەوەی هەولێر بکرێت، لەوانەیە دەروازەیەك بۆ ئەو کێشەیە بکرێتەوە، سەبارەت بە رۆڵی کورد لەم پرۆسەیەدا، عەلی ئەدیب سەرکردەی لیستی دەوڵەتی یاسا و حزبی دەعوا بەمجۆرە باسی لە گرنگی رۆڵی کورد لە پرۆسە سیاسەکە کردو پێی وتین: (کوردەکان بەشێکن لە بارودۆخەکە و ئەوان بەدەر نین لە هەلومەرجەکە، پێموایە گفتوگۆکانیان

دۆخەکە لە عێراقدا بگاتە ئەو حاڵەتەی کە هەمووومان لەناو بازنە گەورەکەدا کار بکەین کە بازنەی نیشتمانە، ئەمەش پێویستی بە کاتە و هەڵسەنگاندنی من بۆ ئەم قۆناغە ئەوەیە دەتوانین بنەما و پایەکانی دیموکراسی تێیدا جێگیر بکەین بۆ ئەوەی گەلی عێراق ئامادەیی باشتری هەبێت بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی زیاتر).
سەبارەت بە رۆڵی ئەمریکا لەم پرۆسەیەدا و ئەگەری بەکارهێنانی گوشاریش بۆ گەیشتنی عێراقییەکان بەرێککەوتن، عەلی ئەدیب بەمجۆرە رای خۆی لەسەر کاریگەری رۆڵی ئەمریکا لە پرۆسەکەدا خستەروو وتی : (هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی ناتوانێت دەستێوەردان لە بارودۆخی عێراقدا

بکات، هەروەها عێـــراق یەکەم وڵات نییە بەم هەلومەرجـــەدا تێپەڕێت، لەبەر ئەوەی ئەزموونی دیموکراســـی لە عێراقدا هێشتا لە سەرەتادایە، هەروەها ئێستا عێراقییەکان لە گەیشتن بە چارەســـەر نزیکبوونەتەوە و هیچ پێویست بە دەســـتێوەردانی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان ناکات لـــە عێراقدا دەکرێ نوێنـــەری نەتـــەوە یەکگرتووەکانیش تەنیا لەســـەر داوای حکومەتـــی عێراقی یاخو لایەنە عێراقییەکان پێشنیار و راوێژ پێشکەش بکات. ســـەبارەت بە کاریگەری دەوڵەتانی ئەنجومەنی ئاســـایش بەگشتی و ئەندامە هەمیشـــەیەکانیش بـــە تایبەتی، دیســـان پێموانییـــە ئەنجومەنی ئاســـایش بتوانێت دەســـتێوەردان لە کاروباری عێراقدا بکات، لەســـەر ئەوە دەکەمەوە کە بەرپرســـیارێتی چارەســـەرکردنی ئـــەم کێشـــانە دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان، کەواتە تاوەکو عێراقییەکان نەتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەربکەن، ئەوا دەسرۆیشتوویی و کاریگەری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەڵکشـــاندا دەبێت و بـــەردەوام دەبێت. ئەمە لە مـــەودای دووردا لە بەرژەوەندی عێراقییەکانـــدا نییە، کەواتـــە تاوەکو ئەو کاتـــەی پێکهاتـــە جیاوازەکانـــی عێراق بڕیاری ئەوە بدەن لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بمێننەوە، ئەوا دەبێـــت هەوڵی جددی بدەن بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، چونکە بوونی کاریگەری و دەسترۆیشتوویی کۆمەڵگەی ئەفغانستانیشەوە. راستە هەندێ کێشە هەن لە عێراقدا کە بە تەواوەتی و بە شێوەیەکی حەسری کێشەگەلێکی ناوخۆیین و پێوەندی راستەوخۆیان هەیە بە خودی عێراقییەکان خۆیانـــەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا بایەخپێدان و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە کاریگەری دەبێت لەسەر چارەســـەرکردنی کێشە دەرەکیەکانی دیکـــە، کەواتە کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی بەرژەوەندیگەلێکـــی گـــەورەی هەیـــە لە چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی عێراقـــدا. بـــۆ نموونە چارەســـەرنەکردنی کێشەکانی عێراق هۆکارێك دەبێت بۆ زیاتر هەڵکشانی کاریگەری و دەسترۆیشتوویی رێکخراوێکی وەك رێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێـــراق و دواتر لە ناوچەکـــەدا. کەواتە لە

لای هەموو لایەک ئاشکرایە کوردەکان پێکهاتەیەکی سەرەکی وڵاتەکەن و هەر چارەسەرێکیش بۆ کێشەکانی عێراق بخرێتەڕوو، دەبێت کوردەکان لە خۆبگرێت



ئامۆز گۆیری بۆ گوڵان:

# ئەرکی یەکلاکردنەوەی ئاڵۆزییەکان لە عێراقدا لە ئەستۆی خودی خەڵکی عێراق خۆیدایە

بەڵکو تەنیا توانای دەرکردنی راســـپاردەی هەیـــە و بـــە دڵنیاییەوە پێش ئـــەم وادەیە عێراقییەکان دەگەنە چارەســـەر. لەبەر ئەوە بارودۆخی عێراق نەگەیشـــتۆتە دۆخێکی مەترســـیدار و لایەنـــەکان دەتوانن بگەنە رێککەوتن بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکان و لایەنە نێودەوڵەتیەکانیـــش تەنیا دەتوانن پێشنیار و راسپاردە پێشکەش بە عێراقییەکان بکەن و هەوڵی لێکنزیککردنەوەی هەڵوێستی لایەنەکان بدەن).

بەڵام پرۆفیسۆر ئامۆز رایەکی پێچەوانەی هەیـــە و پێیوایـــە پێویســـتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی هاریکاری عێراقییەکان بکات بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە تێپەڕێنن و لەمبارەوە بەم راپۆرتـــەی راگەیاند: (دووبارە جەخت نێودەوڵەتی خزمەت بەرژەوەندیەکانی عێراق ناکات. تەنیا ئەو کاتە ئەم بەرپرســـیارێتیە ناکەوێتە ئەستۆی عێراقییەکان کە هەرسێ پێکهاتە ســـەرەکیەکەی عێـــراق بڕیار بدەن عێراق وڵاتێکی یەکگرتوو نییە و لە ســـێ دەوڵەتـــی جیاواز پێکهاتـــووە. بەڵام ئەمە بەو مانایە ناڵێـــم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری عێراقییەکان نەکات، بەپێچەوانەوە دەبێـــت کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی بایەخ بە پرس و کێشـــەی عێراق بـــدات، لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی بوونی هەیە لە عێراقدا، دووەم لەبەر ئەوەی چارەســـەرکردنی کێشەکانی عێـــراق کاریگـــەری و رەنگدانەوەی هەیە لەســـەر تێکڕای کێشـــەکانی ناوچەکە بە لایەکەوە ئەمریکا خواســـتی کشاندنەوەی هێزەکانی هەیە لە عێراقدا، لە هەمان کاتدا دەبێـــت کارێك بکات کە لـــە دوای خۆی عێراق لەگەڵ کێشـــە و ناکۆکی و پشێویدا رووبەڕوو نەبێتەوە. بەم پێیە جیاوازی هەیە لە نێوان سیاسەتی راگەیەنراوی ئەمریکا و سیاسەتی جێبەجێکراوی ئەم وڵاتەدا).

بـــەڵام پرۆفیســـۆر لوئەی بەحـــری وەك ئەکادیمیەکی عێراقی شارەزا لە سیاسەتی ئەمریـــکا لـــە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا ســـەبارەت بەم مەســـەلەیە بەشـــێوەیکی جیاواز لەوانی دیکـــە رای خۆی دەربڕی و وتی: (جارێ ســـەرەتا سەبارەت بەرۆڵی کورد، ئەوا لای هەموو لایەك ئاشـــکرایە کوردەکان پێکهاتەیەکی سەرەکی وڵاتەکەن

ئەمریکا وڵاتێکی کۆلۆنیالی نییە و تەنیا دەتوانێت راسپاردە و پێشنیاری هەبێت

و هەر چارەسەرێکیش بۆ کێشەکانی عێراق بخرێتەڕوو، دەبێت کوردەکان لە خۆبگرێت. سەبارەت بەرۆڵی ئەمریکاش، پێشتر عێراق واتە پێش ساڵی ١٩٥٨ لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکرابوو، بەریتانیاش وڵاتێکی کۆلۆنیاڵی بوو و شارەزا بوو لە بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەی داگیری دەکردن، بەڵام ئەمریکا وڵاتێکی کۆلۆنیاڵی نییە و تەنیا دەتوانێت راسپاردە و پێشنیاری هەبێت.. سەبارەت بەرۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، پێموایە ئەگەر بەم شێوەیە کار بکەین، ئەوا سەرئەنجام وڵاتەکە هاوچارەنووس دەبێت لەگەڵ وڵاتی سۆمالدا، لە راستیدا ئەرك و وەزیفەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدارەکردنی وڵاتان نییە، ئەگەر ئێمە بۆ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بگەڕێینەوە هیچ بڕگە و خاڵێکی تێیدا بەدی ناکەین تێیدا هاتبێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەی ناتوانن حکومەت پێکبهێنن. لە لایەکی دیکەوە باشترکردنی دۆخی عێراق پێویستی بە گرتنبەری رێوشوێنی سەخت هەیە، بۆ نموونە پێویستە مووچەی پەرلەمانتارەکان رابگیرێت تا ئەو کاتەی بە ئەرك و کاری خۆیان هەڵدەستن).



پرۆفیسۆر مایکل گەنتەریش کە لەزۆر نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکات لەهەمان چوارچێوەدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی و وتی: (کورد بەردەوام دەبێت لەسەر بینینی رۆڵێکی گرنگ، بەڵام روونە کە ئەمە رۆڵێکی یەکلاکەرەوە نییە، کە هێشتا چارەسەرێك بۆ کێشەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ نەهاتۆتە ئاراوە. لەگەڵ بەردەوامبوونی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، ئەوا رۆڵی کورد بەپێی بەرەوپێشچوونەکان یان رۆڵێکی

**لە حاڵەتی نەبینینی رۆڵێکی گرنگدا، کوردەکان دەکەونە بەر رەحمەتی حکومەتێک لە بەغدا کە ئەگەری ئەوە هەیە دژی کورد بێت**

**ئەگەر نەتوانرا لە داهاتوویەکی نزیکدا حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت، ئەوا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ هەنگاوێکی پێویستە بۆ شکاندنی ئەو بنبەست گەیشتنە**

یەکلاکەرەوە دەبێت یان رۆڵێکی بێ بایەخ. ئەوەش روونە کە بەرژەوەندی کوردەکان لەوەدایە رۆڵێکی گرنگ ببینن، چونکە لە حاڵەتی نەبینینی رۆڵێکی گرنگدا، کوردەکان دەکەونە بەر رەحمەتی حکومەتێك لە بەغدا کە ئەگەری ئەوە هەیە دژی کورد بێت. سەبارەت بەرۆڵی ئەمریکاش لەم پرۆسەیەدا، ئاشکرایە کە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی جێگری سەرۆکی ئەمریکا جۆزیف بایدن لە سەردانەکەیدا بۆ عێراق بریتی بوو لە هاندانی لایەنە رکابەرەکانی عێراق بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێك لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێ. هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە بایدن سەرکەوتوو نەبوو لە بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوونێکی گەورە و خێرادا. لەگەڵ ئەوەشدا، رەنگە لە چەند هەفتەی داهاتوودا ئەنجامی سەرکەوتووی سەردانەکەی بایدن بەدی بکەین، لەبەر ئەوەی هەرچەندە عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییە، بەڵام هێشتا ئەمریکا دەستڕۆیشتوویەکی بەهێزی هەیە لەم وڵاتەدا. ئەگەرچی ئەم دەستڕۆیشتووییە هێندە بەهێز نییە بە بەراورد بە سەرەتای دەستێوەردانی ئەمریکا لەم وڵاتەدا، بەڵام لە کۆتاییدا ئەمە خواست و ویستی ئەمریکایە: عێراق ببێتە وڵاتێکی خاوەن سەروەریی، کە تێیدا دیموکراسیەتی لیبراڵی پیادە بکرێت، هەروەها ببێتە لایەنگیری رۆژئاوا و وەك دەوڵەتێك بتوانێت خۆی خاوەنی بڕیارەکانی خۆی بێت. هەمو ئەمانە لە سیاقێکدا روودەدەن کە بە دڵنیاییەوە دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا بە چەشنی رابردوو بەهێز نییە. بۆ رۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کە لەم تەنگژەیەدا هاریکاری عێراقییەکان بکەن، ئەوا ئەگەر بە راشکاوی بدوێم، پێموانییە یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ پرسێکی گرنگ بێت بەلای نەتەوە یەکگرتووەکان یاخود یەکێتی ئەوروپاوە. لە راستیدا ناسەقامگیربوونی عێراقیش بەهۆی ئەم کێشانەوە دەڕژێتە بەرژەوەندی رکابەرە ئیقلیمییەکانی وەك ئێران و سووریاوە. گومانی تێدانییە، کە بێتوانایی لە پێکهێنانی حکومەتی نوێدا زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەو لایەنە توندڕەوانەی لە هاوکێشەی عێراقەوە تێوەگلاون. کەواتە گرنگە ئەو کەسانەی کە پابەندن بە بیرۆکەی هێنانەدی عێراقێکی یەکگرتوو کە دیموکراسیەتی لیبراڵی پیادە بکات هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرن و بگەنە سازش کردن (کە سازشکردنیش کرۆك و جەوهەری سیاسەتە) و حکومەتێکی نوێ پێکبهێنن. ئەگەر حکومەتی نوێ سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا چارەسەرە دیموکراتیەکە بریتی دەبێت لە پێکهێنانی حکومەتێکی دیکە، ئەویش یان لە رێی گفتوگۆ و رێککەوتنی نێوان لایەنە عێراقییەکانەوە، یاخود لە رێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێیەوە. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم، ئەوا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بنبەست گەیشتنەی ئێستا روویدا، ئەوا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ بە پێویست دەزانم. ئەگەر نەتوانرا لە داهاتوویەکی نزیکدا حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت، ئەوا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ هەنگاوێکی پێویستە بۆ شکاندنی ئەو بە بنبەست گەیشتنە)!

## حکومەتی کاری رۆژانە و بۆشایی دەستووری

لایەنێکی دیکە کەوەك دەرهاویشتەیەکی دیکەی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە دەرکەتووە، ئەویش دەسەڵاتی حکومەتی بەڕێوەبردنی کاری رۆژانەیە، دەسەڵاتی ئەم حکومەتە لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی سنووردار دەبێت و توانای دەرکردنی بڕیاری نابێت، لەحاڵەتی دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا بۆشاییەك دروست دەکات یان ئەگەر پڕیشبکرێتەوە پێشێلکردنێکی دەستووری دێتە ئاراوە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر گەنتەر بەمجۆرە تێڕوانینی خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستەڕوو: (تاوەکو حکومەتی نوێ پێکنەهێنرێت، ئەوا ئەرکێکی دەستوورییە کە حکومەتی پێشو بەردەوام بێت لەسەر بەڕێوەبردنی وڵاتەکە. بەدڵنیاییەوە، ئەو بە بنبەست گەیشتنەی ئێستا دووچاری عێراق بووە، شتێکی ئاسایی نییە بۆ هیچ دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو. تاوەکو پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ درێژە بکێشێت، ئەوا بارودۆخەکە خراپتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، کە بەدیلی نەبوونی حکومەتی کارڕایی (تصریف الاعمال) مالیکی بریتییە لە پشێوی و فەوزا، کە رەنگە ئەمەش سەربکێشێت بۆ خوێنڕێژی و دواتر بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت، کە هیچ یەکێك لەم بەدیلانەش لە بەرژەوەندی کورددا نین).

بەڵام پرۆفیسۆر ئامۆز حکومەتی ئێستای عێراق وەك قۆناغێکی ئینتیقالی تا پێکهێنانی حکومەتی نوێ سەیر دەکات و حکومەتی داهاتووی عێراقیش بەدیموکراتی وەسف ناکات و بەمجۆرە رای خۆی بۆئەم راپۆرتە خستەڕوو وتی: (ئەوە راستە کە ئامانجەکە لە ئێستادا تێپەڕاندنی حکومەتی ئنتیقالی یاخود حکومەتی «تصريف الاعمال»ە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئامانجە دوورەکە هێنانەدی حکومەتێکی دیموکراتی کارایە، ئەمەش ئەرکێکی ئاڵۆزە لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان بریتییە لەو کێشە و ناکۆکی و ئاڵۆزیە ناوخۆییانەی لە عێراقدا بوونی هەیە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا، وەك کورد و شیعە و سوننەکان، کە ئەمانەش کێشەگەلێکی ناوخۆیی و مێژوویی کەڵەکەبوون، کە من تێیان دەگەم و رێز لەم جیاوازیانەش دەگرم. لە لایەکی دیکەوە رەنگە بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کێشە و قەیرانە جۆراوجۆرەکانی دیکەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەتوانێت وەك پێویست کات و کۆششی خۆی بۆ چارەسەرکردنی و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی عێراق تەرخان بکات، کە ئەمەش ئەوەندەی دیکە ئەرکی عێراقییەکان زەحمەت دەکات).

بەڵام تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە قوربانیدان و سازشکردنی لایەنە عێراقییەکان هەیە و لەمبارەوە پرۆفیسۆر لوئەی بەحری وتی: (بێ قوربانیدان و بێ سازشکردن ناتوانرێت کێشەکان چارەسەربکرێن، نابێت لایەنەکان پێداگیری بکەن لەسەر بەدەستهێنانی لە ١٠٠٪ داواکارییەکانیان، ئەمە نامانگەیەنێتە هیچ ئەنجامێك، هەروەها دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە درێژەکێشانی ئەم دۆخە سەرکەوتنە بۆ تیرۆریستان و بۆ رێکخراوی ئەلقاعیدە، لەبەر ئەوەی دەرفەتی ئەوەیان بۆ دروست دەبێت ئەجیندای خۆیان جێبەجێ بکەن. دووبارە تەئکید لەسەر سازشکردن دەکەمەوە، دەبێت لایەنەکان درك بەوە بکەن ناکرێت هەموویان بەشداری لە حکومەتدا بکەن، بەڵکو هەندێکیان دەبێت رۆڵی موعارەزە ببینن، ئەوەشمان لەبیرنەچێت زۆرجار موعارەزە رۆڵی گەورە دەبینێت لە دارشتنی سیاسەتەکانی حکومەتدا، چونکە هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی هەڵەکان و ئاماژەکردن بە لاوازییەکان).

**ئەو بە بنبەست گەیشتنەی ئێستا دووچاری عێراق بووە، شتێکی ئاسایی نییە بۆ هیچ دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو**

**رەنگە بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کێشە و قەیرانە جۆراوجۆرەکانی دیکەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەتوانێت وەک پێویست کات و کۆششی خۆی بۆ چارەسەرکردنی و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی عێراق تەرخان بکات**

# کێشە و چارەسەر

## داهاتووی عێراق سیستەمی کۆنفیدرالیزم یەکلایدەکاتەوە



فەلەکەدین کاکەیی

**تەنیا پێکهێنانی حکومەت چارەسەری هیچ کێشەیەکی سیاسی ناکات**

(١)

لە بەغدا کێشەیەکی زەق هەیە، کە گرفتی پێکهێنانی حکومەتــی دوای هەڵبژاردنی مانگی ئاداری ٢٠١٠یە.

خەریکــە ڕۆژی هەڵبژاردنەکەمان لە یاد نەمێنێ. بەڵام گلۆڵەی کێشــەی حکومەت هێشتا بەرەو لێژی دەڕوات.

تــا ئێســتا لێکۆڵینــەوەو بۆچوونــی هەمەچەشــنە خراونەتــە بــەر دەس. بــا ڕاســتییەکیش بڵێــم، کــە چــوار ڕۆژ دوای هەڵبژاردنــی ئــادار کەناڵی (الحرە ALHURRA- ) بەزمانــی عارەبی، لێیان پرسیم سەبارەت بە ئەگەری پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق و، ململانێی نێوان نووری مالیکی و ئەیاد عەللاوی و.. کەی حکومەت دادەمەزرێت؟!

لە وەرامدا گوتم بە — پەیامنێری (الحرە) لە هەولێر:

- جارێ، پێکهێنانی حکومەتەکە نزیکەی (٤-٥) مانگ دەکێشێ!

- ئەمجاش، بڕواناکەم نە مالکی ببێ بە سەرەك وەزیران، نە عەللاوی. بەڵکو . ڕەنگە کەســێکی سێیەم (نە لیســتی مالیکی نە لیستی عەللاوی) پەیدا ببێ.. وەك جەعفەر باقر ســەدر، یا د. عــادل عەبدولمەهدی و خەڵکی تر.

(٢)

لێــرەدا هەوڵــم داوە ناوەڕۆکی ئاخاوتنی مانگی ئــادارم وەك خۆی بهێنمەوە (کە لە کەناڵەکە تۆماربووە).

مەبەســتمە شــتێکی زیادەتــر بڵێم کە ناوەڕۆکــی حەقیقی ململانێــی ئەمڕۆی عێــراق، لە ئــادارەوە تا ئەمــڕۆ ... و تا ســبەینێ . بەشێوەی چڕ و ســەرەکی لە دەوری (٣) تەوەردا دەخولێتەوە:

١-کێشــەی کۆمەڵایەتــی، کــە دەیان گرفتــی دژواری کۆمەڵایەتــی بەبــێ چارەســەر ماون: وەك بێکاری، ڕاوەستانی پرۆژەگەلی ئاوەدانی و گەشەپێدان، کێشەی نزیکەی ملیۆنێــك پەککەوتوو، دوو ملیۆن هــەزار و یەك ملیۆن بێوەژن و چوار ملیۆن منداڵی بێ سەرپەرشــت، گرفتی بێناوی، بێکارەبایــی، ڕێــگا و بانــەکان، هەروەها کێشــەی دەرکــراوەکان خەڵکی ســوننی و شــیعە، کە لەبەر سیاسەتی تایفەگەری لە زێــد و ماوای خۆیــان ئاوارەبوونە یا بەزۆر کۆچکراون).. و کێشەی سەختی گەندەڵی، و خراپی کارگێڕی دەوڵەت و، پیســبوونی ژینگەو، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و، گرفتی پەروەردە و تەندروســتی و.. دەیان گرفتی تر. دیارە لەهەر ڕاپرسییەك دەربارەی شێوەی پێکهێنانی حکومەتی عێــراق، هاووڵاتیان بە ئاشــکرا لە کەناڵەکانەوە، فریاد دەکێشن: ئەی سیاســەتوانان! جارێ وەرن کێشەکانمان چارەسەر بکەن...!!

وەختێکیش دەیهێننە سەر زمان هەر هەمان کێشــەی هەژاری و ئاو و کارەبا و ئەوانی ترە.

کێشــەی کۆمەڵایەتی ئەسڵ و بناغەی کێشــە سیاســییەکانە، هەرچەندە حزبەکان نایهێننە سەر زار.

٢- تــەوەری ململانێــی نەپســاوەی دەســەڵاتداریتی نێوان ســوننە و شیعەیە، چونکە شیعە نایەوێ جارێکی تر دەسەڵات بۆ سوننی بگەڕێتەوە، یا هیچ نەبێ (شیعە) هەوڵدەدا ســوننە جارێکی تر دەسەڵاتێکی یەکلایەنەی نەبێ، ئەگەریش لە دەســەڵاتدا بوو!

لەســەرێکی دیکەوە سوننە، بە پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی کە هەموو سونین، هەوڵدەدا دەسەڵاتی عێراق وەربگرێتەوە، یا هیچ نەبێ خاوەنی پارووەیەکی گەورەی تێدابێت.

ململانێی شیعە و سوننی تەوەری ئاشکرا و زەقی کێشــەکەیە، ئەویــش ململانێیەکە نابڕێتەوە، بەڵکو قووڵتر و ئاڵۆزتر دەبێ.

لە ئەنجامیشدا، لەبەر دوو هۆکار بەرەی سوننی بڕێك چوونەتە پێش:

یەکەم: لەبەر هەڵــە گەورەکانی ئێران و فەشەڵهێنانی لە یەکخستنی شیعەی عێراق،

دووەم: لەبــەر پشــتگیری بەربڵاوی وڵاتە عەرەبییەکان لە لیستی سوننی (عیراقیە).

لــەو نێوانەدا کــورد نیــوە چاودێرێکە، وەهاش باشترە، کورد هەوڵدەدا (دەشبێ هەر هەوڵبدات).

تا پێگە و دەسکەوتەکانی لە دەس نەدات. لەم بارەیەوە دەشبێ وریا بمێنین.. هەر چەندە بارودۆخی ناوخۆ و دەرەوە هێشتا تا ڕادەیەکی باش لە بەرژەوەندی کوردە.

٣- تەوەری ململانێــی ئێران و ئەمریکا لــە ٢٠٠٣ وە، ئــەم ململانێیە هەیە کە لە هەڵکشان و داکشانە...

تا پارساڵ، هەندێ کەس و وەهایان دەدیت کە ڕۆڵی ئەمریکا لە عێراقدا بەرەو لاوازی و نەمان دەچێت، بەرامبەر بەوەش شانســی ڕۆڵی ئێران زیادە دەبێت.

بەڵام من، هەمیشــە، ڕۆڵــی ئێرانم لە عێراقدا بە گرفت و کێشەی ناوخۆی ئێرانەوە گرێداوە.

ئێســتاش زیاتر دەرکەوتووە کە ئەنجامی ناوخــۆی ئێران، کە بــەرەوە دژوارتر دەڕواو دەسەڵاتی سیاســی ئەو وڵاتەی خستووەتە گێژاوەوە، ڕاستەوخۆ لە عێراق ڕەنگدەداتەوە کە لە بەرژەوەندی بەرەی شیعەدا نییە.

کێشــەکە بە ئاســتی بــەرزی بڕیاردان گەیشتووە. لە ئێران ناچار بوونە بەرپرسانی دۆســیەی عێراق بگۆڕن، کە جێگرتنەوەی سانا نییە.

هەنــدێ بەرپرســی ئێرانی دۆســیەی

عێراق بە چاوی جاران تەماشـــای سیاسییە عێراقییەکانیـــان دەکـــرد، کە لەســـەردەمی ئەپۆزۆســـیۆندا، ئەمان (واتە عێراقییەکان) پێویستیان بە هەموو کۆمەکێکی ئێران بوو. ئێســـتا بارودۆخەکە گۆڕاوە. سیاسییەکانی عێراق ئیتر قبووڵناکەن بە چاوی (بچووك) جارانی ئەپۆزۆســـیۆن تەماشا بکرێن! واتە: حکومەتی ئێران فەشەلی هێنا لە پێکهێنانی حکومەتێکـــی عێراقی دڵخوازیی خۆی، لە کاتێکدا هەندێ کـــەس وەهایان دەبینی کە ئێران تاکە براوەی گۆڕەپانی عێراقە.

بەڵام لە نزیکترین دۆســـتانی ئێرانەوە، لە ناو عێراق شتی سەیر دەبیستین، لەلاپەڕە(١) ی ڕۆژنامـــەی خەبـــات (٢٠١٠/٧/٢٣) داهاتـــووە: (ســـەرچاوەیەکی ئیئتیلافـــی نیشتمانی: ئێران گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتی نوێی ئێراندا).

دیارە.. دەبێ چاوەڕوانی داکشانی زیاتری ڕۆڵی حکومەتی ئیسلامی ئێران لە ئێراقدا ببین.

بە تایبەتیش کە کێشمەکێشی ناوخۆی ئێران بەرەو پێشـــکەوتنی سیاسەتی ئەپۆزۆسیۆن دەچێـــت (مەبەســـت ئەپۆزۆســـیۆنی ناوخـــۆی دەزگا باڵاکانـــی کۆماری ئیسلامیشە)...

بەرامبـــەر بـــە داکشـــانی ڕۆڵی ئێران دەبێ ڕەچاوی هەڵکشانی ڕۆڵی ئەمریکا بکەین، لە ئەنجامیشدا ڕەنگە حکومەتێکـــی (بە سیاسەت ناوەندی) و تا ڕادەیەك سەر بە ئەمریکا دابمەزرێت.

وەلێ هەرچی بێت.. پێکهێنانی حکومەتی عێراق بە مانای چارەســـەر بوونی کێشەی سیاســـی نییـــە. پێکهێنانـــی حکومەتەکە هێورکردنەوەی کاتیـــی بارودۆخەکەیە، نەك چارەسەر.

بەڵکو کێشـــەی سیاســـی هەر دەمێنێ، بەتایبەتی کـــە کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان. چارەســـەرنەبوونەو، بە ئاسـانیش چارەسەر نابن.

ڕەنگە دوای پێکهاتنی حکومەت کێشـــە و کۆمەڵایەتییەکان وەك بوومەلەرزە بەرووی دەسەڵاتا بتەقێنەوە.

ئەمجا.. ململانێی ناوخۆی ئێران، کە هەر بەردەوامـــە، ڕەنگە بەرەو هەڵچوون بچێ و، بەشێوەیەك لە عێراق ڕەنگبداتەوە.

هەر بۆیەش ئایندەی هەر حکومەتێکی عێراق بە ئایندەیەکی لەرزۆك و کاتی دەبینم، کە ڕەنگە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێویستی بە هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمانی هەبێ، ئەویش لە کاتێکی نزیکدا.

کەواتە: چارەســـەر چییە؟! بەلای بەندەوە ئەگەری دوو چارەسەر هەیە:

١- بەرنامەیەکی پوختی کۆمەڵایەتی. تا ئێستا هیچ فراکسیۆنێکی گەورەی عێراقی بەرنامەی خۆی بۆ چارەســـەری کێشـــەی کۆمەڵایەتی دانەنـــاوە، حکومەتی ئایندە دەبێ، بەرنامـــە و پرۆگرامی کۆمەڵایەتی خۆی لەســـەر بنەمای دیموکراسی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری و مرۆڤ دۆســـتی و بەرژەوەندی هـــەژار و بێکاران و، ژینگە پارێزی و تەندروســـتی و پەروەردەی نوێ، دابرێژێت.

٢- دامەزراندنـــی سیســـتەمی فیدراڵی دروست و، ڕێگەدان بە دامەزراندنی چەندین هەرێمی دیکـــە، بەتایبەتی لە باشـــوور و ناوەڕاست و، دیاریکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکان و دەزگاکانیان لەسەر بنەمای دیموکراسی و نا سەنترالیزم واتە: کەمکردنەوەی سەنترالیزم لە عێراقدا، و دابەشـــکردنی دادپەروەرانەی سامان و دەسەڵات و خزمەتگوزاری بەسەر هەرێمەکان و پارێزگاکاندا.

هەموو ئەوانەش بەمانای فراوانکردنەوەی بنکەی دیموکراسی و ئازادییە، ئەوە سەرەتای چارەسەری لایەنێکی کێشەی سیاسی عێراقە.

ئەز کێشەی کۆمەڵایەتی و سیستەمی فیدرالیزم ( یا باشترە بڵێین: کۆنفیدرالیزم) پێکـــەوە گرێـــدەدەم، گەرنا تەنیـــا پێکهێنانی حکومـــەت چارەســـەری هیچ کێشەیەکی سیاسی ناکات.

داهاتـــووی عێـــراق سیستەمی کۆنفیدرالیزم یەکلایدەکاتەوە.

**ڕەنگە دوای پێکهاتنی حکومەت کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەک بوومەلەرزە بەرووی دەسەڵاتا بتەقێنەوە**



# هەولێر..
# دەروازەی دەرچوون لە تونێلە تاریکەکەی عێراق



پرۆفیسۆر د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد

تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە

خوێندنەوەی ڕووداوەکانی رابردوو ئەوە ڕووندەکاتەوە سەرکردایەتی کورد چ ئەزموونێکی تاڵیان بەدەست حوکمدارانی عێراقەوە چێشتووە

ئــەم قۆناغــەی کە لــە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١وە هەرێمی کوردستانی عێراقی پێدا تێپەڕدەبێت، بە یەکلاکەرەوەو مێژوویی دادەنرێت کە کاروانی ئاوەدانیی و بونیادنانەوەدا هەموو بوارەکانی ژیانی تەنیوەتــەوە، هەر لــە کۆمەڵایەتی تا ئابووری و سیاســی ئەمەش دوابەدوای موعاناتێکی پڕ بەسوێ کە بە درێژایی چاخەکانی رابــردووی مێژووی گەلی کورد ئەم گەلە بە دەستییەوە دەیناڵاند، وێڕای هەمـــوو میحنەت و ئازارێك کە لە حەفتاکان و هەشــتایەکانی سەدەی رابــردووەوە لــە لایەن دەســەڵاتەکانی حوکمەوە دەکرانە ســەر کورد وهاوزەمان لەگەڵ ئەو دانپیانانــە نێودەوڵەتییەی مەسەلەی کورد بەخۆیەوە بینیوە ئەمەش بەهۆی ســەرکەوتنی ســەرکردایەتیی کوردی لــە دامەزرانــی دامودەزگای پەرلەمانیی و خزمەتگوزاری وئیداری ...هەمان ئەم سەرکردایەتییە بە بڕوای تەواوی بەچارەنووسی هاوبەشەوە، لەپاڵ هێزو حزبــە سیاســیەکانی عێراقیدایە ولەگەڵیــان بەشــداری دەکات بــۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی وێرانەی دوای ساڵی ٢٠٠٣..

ئەزموونــی (هاوبەشــیکردن) لــە بونیادنانەوەدا بە شــێوازی سلبی لەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی عێراق ڕەنگیدایەوە بــە تایبــەت دوای هەڵبژاردنەکــەی ٢٠٠٥بە هــۆی بولیلبوونێ کە لە لای جەمسەرەکانی دەسترۆیشتووی بەغداوە ئەم هاوبەشیکردنەیان بە کێبرکێ لەسەر دەسەڵات و حوکم لێکدەدایەوە..!!

خوێندنەوەی ڕووداوەکانی نێوان هەردوو هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥ومانگی ئازاری ئەمســاڵ ئەوەمان لەلا ڕووندەکاتەوە کە ســەرکردایەتی کوردی چ ئەزموونێکی تاڵیان بەدەســت حوکمدارانی عێراقەوە چێشت و زۆر لە پرسە چارەنووسسازەکان بە هەڵواســراوی لــە نێــوان هەرێم و حکومەتــی ئیتیحادی مانەوە تا ڕادەی دروستبوونی گرژی !

لەو پرســانەش : گرفت لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان، یاســای نــەوت و غاز، بەشــی هەرێــم لە بودجەی گشــتی، کاروباری پێشمەرگە وتاد...

دەســەڵاتی ناوەندی ئەم ناکۆکیانەی قۆســتۆتەوە وەك کارتــی فشــار بۆ ماڵیکردن و لە چوارچێوەگرتنی ڕۆڵی کارای هەرێم بەکاریان دێنێت.

لایەنەکانــی حوکــم لە بەغــدا بە چەندین هاندەری ناوخۆو هەرێمایەتییەوە بازنەکانی دەســەڵات فــراوان دەکەن و ســوپا و هێزی چەکدارانەی عێراقی لە خۆیان نزیك دەخەنەوە و روو لە وڵاتانی دەوروبەر دەکەن تا ویستی خۆیان بەسەر لایەنی کوردیــدا بســەپێنن، گرەویش لەسەر تێکچوونی بارودۆخی ئاسایش و ئابووری و سیاسیی هەرێم دەکەن تا بە تەنیا خۆیان ببنە بڕیاردەرو یەکلاکەرەوەی ناکۆکییــەکان . هەربۆیە ئومێدەشــەوە حکومەتــی عێراقی بــە بەردەوامی لە هەوڵدابووە بۆ دواخستنی ئەو مەسەلانە، بەتایبەتی دووپاتکردنەوەی دواخســتنی بە ئەنقەستی ســەرژمێری دانیشتووان لە ســاڵی ٢٠٠٧ تا ئەمڕۆش، چونکە باش دەزانن سەرژمێریی لەم بارودۆخەدا واتەدەکاتە چەسپاندنی سنوورێکی تازەی هەرێمی کوردستان لەلایەك و لەلایەکی ترەوە لکاندنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بە هەرێمەوە..

بەناودەهالیزی ئــەم گۆڕانکارییانەوە کورد چووە ناو هەڵبژاردنەکانی ســاڵی ٢٠١٠ لەکاتێکدابــاری شــانیان بــەو ئەزموونانەوە قورسکردووەو دەسەڵاتدارانی تازەش هاوکوفن لەســەر کەمکردنەوەی قەبــارەی کــورد و لاوازکردنی ڕۆڵی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکەی، ئەویش بــە هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی پەرەســەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی وسیاســیانەی هەرێمەکــە، دەســەڵاتدارانی بەغــدا ڕاهاتوون لەسەر ڕاوەدونانی کورد لە ناو ماڵەکەی خۆیەوەو ســەپاندنی گەمارۆ بەسەریدا و ترســاندنی مناڵ وئافرەتی کــورد و کاولکردنی مــاڵ و حاڵیان تا بە ئاواتەکانیان نەگــەن، بەبینینی ئەم واقیعەی ئێســتای کوردســتان چاویان گەیشــتۆتە پشتی ســەریان کە دەبینن ئەوە کوردە هاریکاریانە لە بونیادنانەوەی عێراقێکی هەشبەســەری ســوتماك و وێرانەدا..

توندبوونەوەی ململانێی نێوان لیســتە براوەکانــی هەڵبژاردنەکانــی ئازاری ئەمســاڵ ئــەم ململانێیــەی هەندێ دواخســتووە کە لەگەڵ کــورد بەرپایان کــردووە، هەمــوو لیســتەکان هەوڵی ڕاکێشــانی لیستی کوردســتانی دەدەن و لەگەڵ بەرنامەکەیدا هاوســۆزن بێ

ئەوەی بستێك لە ستراتیژییەتیان کەم بکەنەوە.

لە دوا سەردانی سەرۆکی لیستی ئەلعێراقییە بۆ کەرکوك ئەم راستییە دەرکەوت کاتێ وتارەکانی دیپلۆماسانە هەمووی لە پێکەوەژیانی برایانەی خەڵکی ئەو شارەدا کۆکردەوەو بێ ئەوەی رێگاکانی چارەسەری گرفتە لە مێژینەکان دیاری بکات و یان بێ ئەوەی هەڵوێستی لیستەکەی بۆ ناوچەجێناکۆکەکان دەستنیشان بکات !

مالکیش هاوشێوەی ئەمان کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٦ کە پێویستی بە پاڵپشتی کورد بوو سەقفێکی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری تەرخان کردو ئاماژەشی بە قۆناغی ئاساییکردنەوە دا کە دوامۆڵەت مانگی تەمووزی ٢٠٠٧بوولەگەڵ سەرژمێری دانیشتووان لە تشرینی یەکەم و مانگێ دوای ئەویش راپرسی جێبەجێ بکرێت . بەڵام بەڵێنی خۆی نەبردە سەر ! بەڵێن شکانیشی لێ چاوەڕوان دەکرا ..

لەمەوە دەردەکەوێ کە لە نەخشەی کاری سیاسی نێوان لیستەکاندا بەڵێنی جێگیر بوونی نییە، تەنیا شتێك کۆکەرەوەیان بێت پایە و دەستمایەی دامودەزگاکانی حوکم و بەڕێوەبردنە، گەر ئەمە لەسەر حیسابی موعاناتی خەڵکی و سەروەری و سەربەخۆیی نیشتمانیش بێت !دواتر

١ــ چاودێران پێشبینی یەکگرتنی دوولیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانییان دەکرد بەهۆی خاڵە هاوبەشەکانیان و رۆڵی ئیران لە یەکخستنی دوو لیستەکە بە ناوی (بەرەی نیشتمانیی)لە ژێر تیشکی دادگای دەستووریدا بە مادەی ٧٦ گرفتەکە روو لە چارەسەرە بەڵام سووربوونی مالیکی بۆ سەرۆکایەتی وەزیران رێکەکانی گەیاندە رێیەکی داخراو ..

٢ـلەلایەکی ترەوە، نزیککەوتنەوەی دوو لیستی ئەلعێراقییەو دەوڵەتی یاسا لەیەکتر بە دوور دەزانرێت بەهۆی سووربوونی هەر یەکەیان لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، رووداوەکان سەلماندیان کە مەحاڵ لە سیاسەتا نییە، کۆبوونەوەو هاتوچوونی هەردوولایان ترسی خستە دڵی لیستەکانی ترەوە بە لیستی کوردستانیشەوە نەوەك پازی بەسەردا بدەن . دیسان سووربوونیان لەسەر پۆستی سەرۆك وەزیران گێڕانیانیەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و لە چاوەڕێی شتی تازەتردایین !!

٣ـ حزبی ئەحرار کەبە تەیاری سەدری دەناسرێ بە بایەخە لەناو کاری سیاسیدا چونکە سەرێکی گەورەی ناو بەرەکەیە، ئەمان بزاڤی (رەتکردنەوەی ) مالکی لە وەرگرتنەوەی پۆستەکەی بەڕێوەدەبەن و زۆر لە لیستی ئەلعێراقییەوە دوورن کەچی لەنکاوڕا بوو بە ئەسپی گرەو لە نێوان هەردوولیستا !لیستی دەوڵەتی یاسا بە هەموو مەرجەکانیەوە دەیەوێ رایبکێشێت، عەلاویش موغازەلەی دەکات و بە چاودێری سەرۆکی سووریا لە دیمەشق موقتەداو عەلاوی یەکتریان بینی!

٤ـ لیستەکەی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەزموونەکانی رابردووی کە لەگەڵ لایەنەکانی ململانێ هەیبوون کەڵکی وەرگرتووە،پێگەی خۆی لە رێی چەند داواکارییەکەوە مکوم کردووە کە بە پێوەر دادەنرێن لە مامەڵەکردنی لایەنەکانی تردا، تا ئەو کاتەی لیستێك پۆستی سەرۆك وەزیران بەدەست دێنێت . لەگەڵ هەمووان‌دا بۆ زامنکردنی داواکارییەکان‌لە کۆبوونەوەی بەردەوامدایە، بە ئاڕاستەی پێکهێنانی حکومەتێکی تەوافوقی دەچێتە پێشەوە کە هەموو لایەنەکانی پێوەندیدار بەکاری سیاسی پێی رازی بن، بێ دوورخستنەوەی هیچ لایەنێك، پرۆژەکەی لیستی ئەلئەلعێراقییەی بۆ دوورخستنەوەی دەوڵەتی یاسا رەتکردەوە، هەروەها پشتگیری پرۆژەی تەحالوفی نیشتمانی نەکرد بۆ دوورخستنی لیستی ئەلعێراقییە ..

٥ــ دەستوەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بۆ هەموو جووڵانەوەکان بوونی هەیە چ لەپشتی کەوالیسەکانەوە یان بە ئاشکرا، ئەمریکیەکان بەلایانەوە گرنگە حکومەتێك دامەزرێت بەهۆیەوە بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت، ئەوەش بە نزیکبوونەوەی کاتی کشانەوەی هێزەکانیان، ئێرانیەکان لە هەوڵدان حکومەتێکی نزیك بە خۆیان لە عێراق دابمەزرێت وەك دەروازەیەك لێی بڕواننە دنیای دەرەوە بەهۆی فشاری نێودەوڵەتی کە بەسەریانەوەیە، تورکیاو سووریا و سعوودیە و کوەیتیش لەوبۆچوونە بەدەرنین، سەردانەکەی ئەم دواییەی جێگری سەرۆکی ئەمەریکی بۆ بەغدا، بانگهێشتی موقتەدا و عەلاوی لە لایەن سەرۆکی سووریاو دیتنی هەردووکیان لە لایەن وەزیری دەرەوەی سووریا و تورکیا دەکەونە ناو ئەم پرسەوەو رەنگە میحوەرێکی تورکی ئێرانی سووری دامەزرێن بۆ دەستێوەردان رەهەندی خراپی بۆ داهاتووی عێراق و لایەنی کوردی لێبکەوێتەوە ..

**هەموو لیستەکانی عێراق لەگەڵ بەرنامەی فراکسیۆنی کوردستانی هاوسۆزن**

لەکۆتاییدا داوەتکردنی لیستە براوەکانی هەڵبژاردن لەلایەن بەڕێز کاك مسعودبارزانی بە کۆکردنەوەیان لەشاری هەولێر پێش دانیشتنی داهاتووی پەرلەمانی لە ٢٠١٠/٧/٢٦ بە خێرایی وەڵامدرایەوەو چونکە لەکاتێکی نموونەییدا بوو، ئەو لایەنانە ئامادەن چاوبخشێننەوە بە داواکانی خۆیاندا و فشاری زۆریش هەیە لەسەریان بەتایبەتی لەلایەن جەماوەرەوە کە لەم مەسەلەیە بێئارام بوون هەروەها فشاری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و ئەمەریکیش لەلایەکی ترەوە ودوایەمینیشیان فشار لە لایەن مەرجەعی ئایینیەوە ..

**داوەتکردنی لیستە براوەکانی هەڵبژاردن لەلایەن بەڕێز کاک مسعود بارزانییەوە بۆ هەولێر بە خێرایی وەڵامدرایەوە**

بەبۆچوونم ئەم بانگهێشتە دەبێتە ترووسکایی لە تونێلێکی تاریك و نوتەك و درێژ کە هەموو لایەنەکانی تێدا خزاوە بە ئامانجی گەیشتن بە حکومەتێکی تەوافوقی کە هەمووان پێی رازی بن بەر لەوەی ئەم مەسەلەیە بگاتە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش کە وابڕیارە لە١٤ی مانگی دادێت بۆ دیراسەتکردنی بارودۆخی عێراق بەپێی بەندی حەوتەم کۆببنەوە ..

# حکومڕانیی باش
# Good Governance

## هەماهەنگی دەوڵەت و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ سەرخستنی پەرەپێدان

((حکومڕانی واته پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووری و کارگێڕی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵاتێک لەسەر هەموو ئاستەکان، پێکدێت لە میکانیزم و پرۆسێس و دامەزراوەکان، لە میانەی ئەم پێکهاتەیەوە هاووڵاتیان و گروپەکان گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانیان و پیادەکردنی مافەکانیان دەکەن، پابەند دەبن بەو بەرپرسیاریەتیەی دەکەوێتە سەرشانیان و زەمینەی هاوبەش بۆ جیاوازییەکانیان دروست دەکەن، بەڵام حکومڕانی باش وێڕای هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێکرا، بریتییە لە بەشداریکردن، شەفافیەت، لێپرسینەوە، دادپەروەری و گەشەسەندی سەروەریی یاسا، دڵنیایی سیاسیی، ئەولەویەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە بەر ڕۆشنایی خواستی خەڵک و لەبەرچاوگرتنی خواستی چینەکانی خوارەوە لە وەرگرتنی بڕیار و دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ پەرەپێدان، لەو وڵاتانەی بە قۆناغێکی تایبەتی تێدەپەڕن، حکومڕانی گرنگیەکی لەرادەبەدەری هەیە، حکومڕانی تەنیا دەوڵەت ناگرێتەوە، بەڵکو کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەگرێتەوە، ئەم سێ لایەنە (دەوڵەت، کەرتی تایبەت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) پێکەوە ئەوپەڕی گرنگیان هەیە بۆ پەرەپێدانی مرۆیی بەردەوام، لەم پرۆسیەدا ڕۆڵی دەوڵەت دابینکردنی کەشوهەوای سەقامگیری سیاسی و یاساییە، بۆ ئەوەی زەمینەی ئەو پەرەپێدانە بەردەوامە دروست بکات، ڕۆڵی کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بۆ دروستکردنی تەفاعولی سیاسیی و کۆمەڵایەتیە، بۆ ئەوەی خەڵک هانبدەن بەشدارییەکی چالاکانە بکەن لەهەر سێ بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی)).

UNDP

## مایکل پانگۆ بۆ گوڵان:



# حکومەتی کارا ئەدایەکی باشی هەیە لە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی پلانی جێبەجێکردنی بۆ داناوە

**هیچ چەمک و ئایدلۆژیەتێک نییە بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی لەناو دیموکراتیدا نەدۆزێتەوە یان ڕەفتارە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ دیموکراتی بەراورد نەکات**

ورووژاندنی پێناسەی حکومڕانی و حکومڕانی باش لەم ڕاپۆرتەدا بۆ قسەکردنە لەسەر چەمکێك کە زۆرکەم وەك خۆی پێناسە دەکرێت و زۆر جاریش ئەم چەمکە لە چوارچێوەی حکومەت یان ئەگەر زیاتریش فراوانبکرێت لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بچووکدەکرێتەوە، ئەمە دروست چۆن گەلێك جار دیموکراتی لە چوارچێوەی هەڵبژاردندا بچووك دەکرێتەوە، یان هەندێك حزب و لایەنی سیاسیی لەچوارچێوەی ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی خۆیەوە پێناسەی دەکات و دەخوازێت لەو پێناسەیەدا دیموکراتی سنووردار بکات و دیموکراتی بکاتە هۆکارێك بۆ جێبەجێکردنی ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی خۆی، لێرەوە و لەبەر ئەوەی چەمکی دیموکراتی، چەمکێکی زۆر فراوانە و هەموو لایەنەکانی ژیانی تاك لە کۆمەڵگە دەگرێتەوە و هەموو ئایدلۆژیەتێکی سیاسیش بایەخ بەلایەنێکی کۆمەڵگە دەدات، هەر بۆیە هیچ چەمك و ئایدلۆژیەتێك نییە بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆی لەناو دیموکراتیدا نەدۆزێتەوە یان ڕەفتارە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ دیموکراتی بەراورد نەکات، هەر بۆیە ئەو پێناسانەی بۆ دیموکراتی دەکرێن، هەموویان بەشێك لەدیموکراسی پیشاندەن، بەڵام هەمووشیان پێکەوە هێشتا ناتوانن هەموو ماناکانی دیموکراتی بەرجەستە بکەن، بۆیە ئێستا بیرمەندان و پسپۆڕانی بواری دیموکراتی لەبری ئەوەی پێناسەی دیموکراتی بکەن، خۆیان لە خەڵك دەپرسن دیموکراتی چییە؟ (What's Democracy?)، وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە هەموو کەس داوای دەکات و لەناو پرۆسەی دیموکراتیدا بەدەیان پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات ئەنجامدەدرێت هێشتا خواستی خەڵك و ڕەخنەی خەڵك لە حکومەت تەواو نابێت، هەر بۆنموونە لەماوەی نزیکەی ٢٣٠ساڵدا و تا ئێستا لە ئەمریکا ٤٤ سەرۆك بەهەڵبژاردن هاتوون و زیاتر لەم ژمارەیەش، لە ئەمریکا حکومەت هەڵوەشاوەتەوە و دروستکراوتەوە، (لەبەر ئەوەی بەشێکی سەرۆکەکانی ئەمریکا دووجار هەڵبژێراونەتەوە)، بەڵام هەتا ئێستاش لە ئەمریکا، دیموکراتی لەقۆناغی خۆدروستکردندایە، هێشتا ناتوانین بڵێین سیستمی دیموکراتی ئەمریکا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی پێی بوترێت سیستمێکی دیموکراتی تەواو، بێگومان پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کەی دەتوانین بە پرۆسەی دیموکراتی بڵێین پرۆسەیەکی تەواو و پێگەیشتوو؟ بێگومان ئەوکاتەی دیموکراتی بتوانێت حکومڕانییەکی باش لە کۆمەڵگە هەڵبسورێنێت، کەواتە ئامانجی ئەم ڕاپۆرتەی ئێمەش وروژاندنی ئەو پرسیارەیە، ئایا حکومڕانی چییە؟ ئایا حکومڕانی باش چییە؟ بێگومان چۆن هیچ کەسێك ئەو توانایەی نییە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە دەڵێ: دیموکراتی چییە؟ بەهەمان شێوە هەتا ئێستاش لەنێو بیرمەندان و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکاندا ئیشکالیەتی پێناسەکردنی چەمکی حکومڕانی باش هەیە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کۆدەنگییەك لەسەر پێناسەی حکومڕانی هەیە، بۆیە ئێمەش لەم ڕاپۆرتە هەوڵەکانمان دەبنە دوو بەش:

**لەناو پرۆسەی دیموکراتیدا بەدەیان پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات ئەنجامدەدرێت هێشتا خواستی خەڵک و ڕەخنەی خەڵک لە حکومەت تەواو نابێت**

یەکەمیان: پێناسەی حکومڕانییە، ئێمە لەمە ڕاپۆرتە پێناسەی ئاژانسی (UNDP)مان هەڵبژاردووە کە دەڵێت: (حکومڕانی واتە پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووری و کارگێری بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵاتێك لەسەر هەموو ئاستەکان، پێکدێت لە میکانیزم و پرۆسێس و دامەزراوەکان، لە میانەی ئەم پێکهاتەیەوە هاووڵاتیان و گروپەکان گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانیان و پیادەکردنی مافەکانیان دەکەن، پابەند دەبن بەو بەرپرسیاریەتیەی دەکەوێتە سەرشانیان و زەمینەی هاوبەش بۆ جیاوازییەکانیان دروست دەکەن .. حکومڕانی تەنیا دەوڵەت ناگرێتەوە، بەڵکو کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەگرێتەوە، ئەم سێ لایەنە (دەوڵەت، کەرتی تایبەت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ) پێکەوە ئەویەری گرنگیان هەیە بۆ پەرەپێدانی مرۆیی بەردەوام، لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵی دەوڵەت دابینکردنی کەشوهەوای سەقامگیری سیاسی و یاساییە، بۆ ئەوەی زەمینەی ئەو پەرەپێدانە بەردەوامە دروست بکات، ڕۆڵی کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بۆ دروستکردنی تەفاعولی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە، بۆ ئەوەی خەڵك هانبدەن بەشدارییەکی چالاکانە بکات لەهەر سێ بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی)، ئەم ڕاپۆرتە ئەم پێناسەیەی لە پێناسەی

بانکی نێودەوڵەتی و بیرمەندان بە باشتر زانی، لەو روانگەیەوە ئەم پێناسەیە پێناسەی ئاژانسی (پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ پەرەپێدان) لەجیهاندا و هەموو دەوڵەتانی جیهانیش لە سێپتەمبەری ٢٠٠٠ و لە راگەیاندنی هەزارەی نوێدا بە کۆی دەنگ ئەو راگەیاندنەیان پەسەندکردووە کە دەبێت حکومڕانی لە سەدەی بیست ویەك بەوجۆرە بێت کە راگەیاندنی هەزارەی نوێ ئاماژەی پێکردووە و واژۆیان کردووە هەتا ساڵی ٢٠١٥ بکرێت، هەربۆیە ئەم پێناسەیە هێڵە گشتییەکانی هەموو پێناسەکانی دیکەی ئاماژە پێکردووە، کۆدەنگیەکی نێودەوڵەتی لەسەرە و جۆرە پابەندبوونێکی هەیە و ئاراستەی هەموو بۆچوونەکانیش لە پرۆسەی پەرەپێداندا کۆدەکاتەوە.

دووەمیان: حکومڕانی باش، لێرەدا ئاژانسی (UNDP) کە زۆر لە پێناسەی بانکی نێودەوڵەتی نزیك دەبێتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە چۆن هەرسێ لایەن (دەوڵەت، کەرتی تایبەت، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) پێکەوە تەفاعول بکەن و حکومڕانی باش پیادەبکەن، بۆ ئەم لایەنە چەند مەرجێکی داناوە کە بریتین لە (حکومڕانی باش، بریتییە لە: بەشداریکردن، شەفافیەت، لێپرسینەوە، دادپەروەری و گەشەسەندی سەروەریی یاسا، دڵنیایی سیاسیی، ئەولەویەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە بەررۆشنایی خواستی خەڵك و لەبەرچاوگرتنی خواستی چینەکانی خوارەوە لە وەرگرتنی بڕیار و دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ پەرەپێدان) .

## پێوەندی نێوان دیموکراتی و حکومڕانی باش

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەکەی (UNDP) و وردکردنەوەی پێوەندی سێ لایەنەی نێوان (دەوڵەت و کەرتی تایبەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) دەبینین وتوویژ و هەڵسەنگاندنی بیرمەندانی زانستی سیاسەت لەسەر ئەو خاڵە چڕدەبێتەوە کە پێویستە لە خاڵێکی گرنگ تێبگەین ئەویش پێناسەی حکومڕانی باشە لە سیاقی پرۆسەی پەرەپێداندا، پرسیاری ئەوە دێتە گۆڕێ ئایا حکومڕانی باش چۆن هەنگاوەکانی پەرەپێدان خێراتر دەکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا کۆدەنگی بیرمەندان و پسپۆران لە پیادەکردنی دیموکراتی و بەردەوامی پرۆسەی پەرەپێدان چڕدەبێتەوە،

# جۆرجی درلوگیان بۆ گوڵان:



# چین تا رادەیەک لە رووی ئابوورییەوە بەرەوپێشچووە، بەڵام لە رووی سیاسییەوە هێشتا سیستمێکی کۆمۆنیستی لەو وڵاتەدا حکومڕانە

بەڵام بەم وەڵامە پرسیارەکان کۆتاییان نایەت، بەڵکو پرسیاری دیکە دێتە گۆڕێ: ئایا کامیان پێش کامیان بکەوێت، دیموکراتی یان پرۆسەی پەرەپێدان؟ رای زۆربەیان گرێدانەوەی هەردووکیانە پێکەوە، ئەمەش واتە هاوکات لەگەڵ دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتی گرنگە پرۆسەی پەرەپێدانیش دەست پێبکات و هەروەها لەگەڵ دەسپێکی پرۆسەی پەرەپێدان پابەندبوون بە دیموکراتیەوە هەبێت. سەبارەت بە پێوەندی دیموکراتی و حکومڕانی باش بۆ ئەم راپۆرتە لە پرۆفیسۆر ئامی چادوری ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی کەلکوتا و پسپۆر و تایبەتمەند لە حکومڕانی (هیندستان و پاکستان و بەنگلادیش و سیریلانکاو نیپال) پرسی، ئایا دەکرێت بەبێ دیموکراتی باسی حکومڕانی باش بکەین؟ لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ ئەم راپۆرتە هاتە ئاخاوتن: (پێموانییە حکومڕانی دیموکراسی جیاوازبێت لە حکومڕانی باش، لەبەر ئەوەی بێ بوونی دیموکراسی ناتوانیت باس لە حکومڕانێتی باش بکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئێمە لە راستەوە بڕوانین، کە دەسەڵات و حکومەت لە هەندێك وڵات لە رێی هەڵبژاردنەوە پێکدەهێنرێن، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پێوەرەکانی حکومڕانێتی باش پیادە دەکرێن و جێبەجێ دەکرێن. هەروەها رەنگە لە وڵاتێکدا تا رادەیەك کاروبارەکان بە باشی بەڕێوەببردرێن، لەگەڵ ئەوەشدا ئازادی رادەربڕین دەستەبەر نەکرابێت، خەڵکی ناتوانن مومارەسەی ئازادیی ئایینی و ئازادی سیاسی خۆیان بکەن، لێرەدا ناتوانین بڵێین ئەمە حکومڕانێتی باشە، لەبەر ئەوەی حکومڕانێتی باش بریتییە لەو حکومەتەی کە رەنگدانەوەی خواستی خەڵکە، کە هەڵقوڵاوی ئیرادە و ئیختیاری خەڵکە، لە لایەکی دیکەوە لە حکومڕانێتی باشدا دەسەڵاتەکان سنووری سەڵاحیەتی خۆیان تێناپەڕێنن، بۆ نموونە دەسەڵاتی یاسادانان کارێك ناکات بچێتە چوارچێوەی وەزیفە یان سەڵاحیەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە. لە هەمان کاتدا ئەو حکومەتەیە کە شەفافیەت پیادە دەکات لە کاتی ئەداکردنی ئەرکەکانیدا، بۆ نموونە دەبێت هەرسێ دەسەڵاتەکە ئەم بنەمایە پەیڕەو بکەن لەکاتی ئەنجامدانی کار و وەزیفەکانیاندا. پێوەری دووەم بریتییە

هێشتا ناتوانین بڵێین سیستمی دیموکراتی ئەمریکا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی پێی بوترێت سیستمێکی دیموکراتی تەواو

حکومڕانی باش، بریتییە لە: بەشداریکردن، شەفافیەت، لێپرسینەوە، دادپەروەری و گەشەسەندنی سەروەریی یاسا، دڵنیایی سیاسیی، ئەولەویەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە بەررۆشنایی خواستی خەڵک و لەبەرچاوگرتنی خواستی چینەکانی خوارەوە لە وەرگرتنی بڕیار و دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ پەرەپێدان

لــە ناحزبی بوونی ئــەو حكومەتەی كە ئیدارەی وڵاتەكە بەڕێوە دەبات، مەبەستم ئەوەیــە نابێــت سیاســەت و بەرنامەی حكومەت لەســەر بنەمــای خزمەتكردن بــە بەرژەوەنــدی پارتێكــی دیاریكراو داڕێژرابێت، بەڵام ئەگەر حكومەتەكە بە پێچەوانەوە ڕەفتار بــكات، ئەوا ناتوانین بــەو حكومڕانێتیە بڵێیــن حكومڕانێتی باش. پێوەری سێیەم لەم ڕووەوە بریتییە لە هەڵبژاردنی كاربەدەستان و بەرپرسەكان لە ڕێی خەڵكەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت كە دەبێت حكومەت كار و كۆشش بۆ هێنانەدی خواســتی خەڵك بكات، بــە دەربڕینێكی دیكە پێویســتە حكومەت خزمەتی خەڵك بكات، نەك خەڵك لە خزمەتی دەسەڵات و حكومەتدا بێت، دەسەڵات گەورەی خەڵك نییە، دەســەڵات خزمەتــكاری خەڵكە. ڕەنگە ئــەو پێوەرانەی ئاماژەم پێكردن بە میسالیەت و بەرزەفڕی لێكبدرێنەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت حكومڕانێتی باش بریتییە لــەو حكومەتەی كە دوورە لە گەندەڵییەوە و لە هەموو هەنگاو و هەڵوێســتەكانیدا هێنانــەدی ئامانجەكانی خەڵك لەبەرچاو دەگرێت).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و ســەبارەت بە تێڕوانینی پسپــۆڕان بۆ چەمكــی حكومڕانــی بــاش و پێوەندی بەدیموكراتیەوە لە پرۆفیسۆر مایكل پەنگۆ ئوســتادی بــازاڕ و بزنــس و دارایی لە زانكۆی ڕۆتەر پرسی، ئایا هیچ جیاوازیەك لەنێوان دیموكراتی و حكومڕانی باش هەیە، لەوەڵامدا پرۆ فیســۆر پانگۆ بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتە دەربڕی و وتی: (لای من جیاوازیەكــە لەنێوان حكومەتی كارا و حكومەتی دیموكراتیدایە، حكومەتی كارا ئەدایەكی باشی هەیە لە جێبەجێكردنی ئەو بەرنامەیەی پلانــی جێبەجێكردنی داناوە، ئەویش لە ڕێی ئەو كەسانەی كە كارامەیی و لێوەشاوەییەكی ئاســت بەرزیان هەیە بۆ جێبەجێكردنی ئــەو بەرنامانە، هەروەها لەم ڕووەوە ســەرچاوە و ئامرازی پێویستیان بۆ دابیــن دەكرێت بۆ ئەوەی لــە ڕاپەڕاندنی كارەكانیاندا سەركەوتوو بن، لە حكومڕانێتی باشــدا هەم بەرنامەكان خواست و ویستی خەڵكیــان لەســەرە و هەم بــواری ئەوەش دەدرێت بە ئاشــكرا گفتوگۆیــان لەبارەوە بكرێت و لە هەمان كاتدا بە شێوەیەكی كارا جێبە جێ دەكرێن).

ڕای ئەم دوو پســپۆڕە لە ســەر پێوەندی دیموكراتی و حكومڕانی باش ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، ئایا ڕۆڵی پارتە سیاسییەكان لەم پرۆسەیەدا چییە؟ بۆچی لە پێناسەكاندا كەم تا زۆر باسی ڕۆڵی پارتە سیاسییەكان نەكراوە، كەلە سیســتمی دیموكراتیدا پارتە سیاســییەكان بە بونیادنــەری دیموكراتی ئاماژەیان پێدەكرێت؟ وەڵامی ئەم پرســیارە لــە كاراكتــەری یەكەمــی حكومڕانیدا ڕەنگداتەوە كە ئەویش دەوڵەتە و دەسەڵاتی دەوڵەتیش وەك نەریتــی دیموكراتی دەبێتە سێ بەش (دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، دەسەڵاتی یاسادانان، دەســەڵاتی دادوەری) ئەم سێ دەسەڵاتە پێكەوە دەبنە ئەو دەسەڵاتەی كە بە هەماهەنگی لەگەڵ دوو كاراكتەرەكەی دیكــە (كەرتی تایبــەت و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی كاروباری حكومڕانی دەوڵــەت هەڵبســوڕێنن، بــەڵام بەتەنیا حكومڕانیان پێناكرێت، بۆیە كاتێك باســی دەوڵــەت د ە كە ین

**دەسەڵات و حكومەت لە هەندێك وڵات لە ڕێی هەڵبژاردنەوە پێكدەهێنرێن، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی كە پێوەرەكانی حكومڕانێتی باش پیادە دەكرێن**

**لە حكومڕانێتی باشدا هەم بەرنامەكان خواست و ویستی خەڵكیان لەسەرە و هەم بواری ئەوەش دەدرێت بە ئاشكرا گفتوگۆیان لەبارەوە بكرێت**

**دەبێت حزبە سیاسییەكان بە حزبی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە لە میانەی پیادەكردنی سیاسەتی خۆیان لە كۆمەڵگە لە ئامانجی حكومڕانی باش یەكبگرنەوە**



بەمانای دامەزراوەکانی دەوڵەت کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە باسی دەکەین، پارتە سیاسییەکان (بە پارتەکانی ناو حکومەت و پارتەکانی ناو پەرلەمان) لە هەردوو دەسەڵاتی راپەڕاندن و یاسا دانان و بە رێگەی نوێنەرایەتیکردنی گەل لە میانەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە رۆڵی خۆیان دەگێڕین، کەواتە ئەم حاڵەتە وەك لە راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٩٢ بۆ حکومڕانی باش ئاماژەی پێکراوە، داوای ئەدای باش لەهەموو حزبە سیاسییەکان دەکرێت و دەبێت حزبە سیاسییەکان بە حزبی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە لە میانەی پیادەکردنی سیاسەتی خۆیان لە کۆمەڵگە لە ئامانجی حکومڕانی باش یەکبگرنەوە، بەپێچەوانەوە هەوڵدان بۆ تیرۆزەکردنی حکومڕانی لە روانگەی ئایدلۆژیەتی حزبێکی عەلمانی یان ئیسلامی یان چەپەوە، ئاراستەی حکومڕانیەکە لە حکومڕانی باشەوە دەگۆڕێت بۆ ئاراستەی حکومڕانی ئەسۆریتاریانیزم، ئەمەش واتە وەك کۆماری چینی میللی هەست دەکرێت بەرەوپێشەوە چوونێکی ئابووری هەیە، بەڵام لەرووی سیاسییەوە هەر پارتی کۆمونیستی چینی لە دەسەڵاتدایە، سەبارەت بە بەرەوپێشەوەچوونەکانی ئابووری لە چین و چەقبەستوویی سیاسیی لەو وڵاتە لە پرۆفیسۆر جۆرجی درلوگیان ئوستادی مێژووی سیسۆلۆژی و ئیتکی شەڕ لە زانکۆی نۆرس وێسترن لە شیکاگۆ و تایبەتمەند لەسەر حکومڕانی دەوڵەتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت پرسیمان، ئایا تاچەند پێناسەی حکومڕانی باش لەگەڵ ئێستای کۆماری چین یەکدەگرێتەوە؟ لەوەڵامدا بەم راپۆرتەی راگەیاند: (کێشەی پێناسەکردنی حکومڕانی باش لە پێناسەکەی بانکی جیهانیدا بۆ ئەم چەمکە، ئەویش ئەوەیە لەسەر مۆدێلی حکومڕانێتی ئەمریکا پێناسەکەی داڕشتووە و ئاشکرایە کە کە هۆکاری ئایدلۆژیش لە پشت ئەم کارەوەیە. بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵناسان بەو شێوەیە پێناسەی حکومڕانێتی باش دەکەن کە ئەو شێوە حکومڕانێتیەیە تێیدا پشێوی و ئاڵۆزی بەردەوامی تێدا بەدی ناکرێت، بۆ نموونە خوێنڕێژی و ناکۆکی و برسێتی بەردەوامی تێدا روونادات، بۆ نموونە ئێوە بڕواننە وڵاتی چین کە تا چ رادەیەك لە رووی ئابووریەوە بەرەوپێشچووە، بەڵام لە رووی سیاسییەوە هێشتا سیستمێکی کۆمۆنیستی لەو وڵاتەدا حکومڕانە).

کەواتە بانگەشەی حزبە سیاسییەکان (ئەوجا لە دەسەڵاتدا بن یان لە ئۆپۆزسیۆن) دەبێت جیاواز بێت لە بانگەشەی ئەو حزبە سیاسییانەی کە ئایدلۆژیەتی شمولی خۆیان بە گۆڕانکاری ئابووری یان خۆبەستنەوە بە یەکسانی و دادپەروەری دەشارنەوە، رێگرەبن لەبەردەم بونیادی دامەزراوە دەستوورییەکان لە لەوڵاتدا، کاتێك دامەزراوەکانیش لە وڵاتدا دامەزراوەی بێهێز بن و نەتوانن کارلێکی نێوان کەرتی تایبەت و دەوڵەت (مەبەست

ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هەوڵی لاوازکردنی دامەزراوەکان بدات، راستە دەتوانێت کێشەکە بوروژێنێت و ئاژاوە دروست بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات

لە رۆژگاری ئێستادا چاوەڕوان دەکرێت دەسەڵات کار بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک بکات، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کەلە کاتی روودانی قەیرانە ئابوورییەکاندا ئۆباڵەکە دەخرێتە ئەستۆی دامەزراوە سیاسییەکان



لە عێراقدا ئەگەر خەڵکی بەدەست گرفتێکەوە بناڵێنێت، ئەوا رەنگە پەنا بۆ شێخێک یاخود بۆ مەرجەعێکی ئایینی ببات، واتە پەنا بۆ دامەزراوە تەقلیدییەکان دەبات

## ئارا سامۆنسکی بۆ گوڵان:



# پێویستە دامەزراوەکان پشتگیری کۆمەڵایەتیان هەبێت، سەرکەوتنی دامەزراوەکان دەوەستێتە سەر بوونی کولتوورێکی کۆمەڵایەتی کە پشتگیری لە ئەدا و لە ئەرکی ئەم دامەزراوانە بکات

**تێڕوانینی خەڵك بەو شێوەیە بێت کە حکومەت کار بۆ پاراستنی هاووڵاتیان و بە شێوەیەکی گشتی کار بۆ پارێزگاری کردن لە وڵاتەکە دەکات**

هەرسێ دەسەڵاتی، حکومەت، پەرلەمان، دادوەرییە)و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکبخەن، ئەوا لەبری ئەوەی بوار بۆ ئەوە بڕەخسێت هاووڵاتیان بەشدارییەکی کارا لە بوارەکانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بکەن، دەبینن ناچار دەبن خۆیان لە حزبە سیاسییەکاندا ببیننەوە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هەوڵی لاوازکردنی دامەزراوەکان بدات، ڕاستە دەتوانێت کێشەکە بوروژێنێت و ئاژاوە دروست بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، بە پێچەوانەوە کارایی هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سڕدەکات و ئاستەنگ بۆ حکومڕانی باش دروست دەکات، سەبارەت بەبایەخ وگرنگی دامەزراوەکان لە هەڵسووڕاندنی تواناکان و زەمینە سازان بۆ پیادەکردنی حکومڕانی باش لە پرۆفیسۆر ئارا سامۆنسکی ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی مۆنماوس پرسیمان ئایا تاچەند دامەزراوەکان کاریگەرن بۆ بونیادی حکومڕانی باش؟ لە وەڵامدا بەم ڕاپۆرتەی ڕاگەیاند (ئەگەر ئێمە خۆشبەخت بین و بتوانین دامەزراوەکان لە پرۆسەیەکی مێژوویی هەنگاو بە هەنگاودا بنیاد بنێین- لەبەر ئەوەی بنیادنانی دامەزراوەکان پێویستیان بە کاتێکی زۆر هەیە- ئەوا دەتوانین ئەم دامەزراوانە بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازی و کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەکار بهێنین لەبری ئەوەی لایەنە ناکۆکەکان ببنە دوو گرووپ و بکەونە شەڕ و ململانێ لەگەڵ یەکتردا. هەروەها ئێمە دەزانین ئەو دامەزراوانەی مێژوویەکی دێرینتریان هەیە دەتوانن باشتر ئەم ئەرکە ئەدا بکەن، لە کاتێکدا دامەزراوە نوێیەکان کەمتر سەرکەوتوون لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکەدا.. لە زانست و لە فەلسەفەی سیاسیدا باس لەوە دەکرێت پێویستە دامەزراوە سیاسییەکان پشتگیری کۆمەڵایەتیان هەبێت، مەبەستم ئەوەیە سەرکەوتنی دامەزراوە سیاسییەکان دەوەستێتە سەر بوونی کولتوورێکی کۆمەڵایەتی کە پشتگیری لە ئەدا و لە ئەرکی ئەم دامەزراوانە بکات. لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی پرسی ئەوە دەبینەوە ئایا سەرەتا بایەخ بە کولتوور بدرێت یاخود بە بنیاتنانی دامەزراوەکان؟ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە بەریتانیادا ئەم دو پرۆسەیە شان بە شانی یەکتر دەڕۆن، لە کاتێکدا ئەو وڵاتانەی کار بۆ ئەوە دەکەن ئەم پرۆسەیە بە خێرایی ئەنجام بدەن، ئەوا ئاکامی چاوەڕوانکراو بەدەست ناهێنن، بۆ نموونە لەم وڵاتانەدا هەوڵی خێرا بنیادنانی دامەزراوەکان دەدرێت، ئەویش بە ئامانجی ئەوەی ئەمە سەربکێشێت بۆ هێنانەدی سەقامگیری، بەڵام ئەم دامەزراوانە ناتوانن ئەم ئەرکە ئەدا بکەن ئەگەر کولتووری کۆمەڵگە پشتگیریان نەکات. لەلایەکی دیکەوە لە ڕۆژگاری ئێستادا چاوەڕوان دەکرێت دەسەڵات کار بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك بکات، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کەلە کاتی ڕوودانی قەیرانە ئابوورییەکاندا ئۆباڵەکە دەخرێتە ئەستۆی دامەزراوە سیاسییەکان...لێرەدا مەبەستم ئەوەیە دەبێت هەڵبستین بە هاندانی ئەو جۆرە بەشداریکردنەی هاووڵاتیان لە پرۆسەکەدا کە ببێتەهۆی پتەوبوون و تۆکمەبوونی ڕایەڵی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و دامەزراوەکان، نەك بەشداری کردنێك کە خەمساردی بایەخپێنەدانی هاووڵاتیانی لێبکەوێتەوە، یاخود ببێتەهۆی ئەوەی هاووڵاتیان بە ڕق و قینەوە لە دامەزراوەکان بڕوانن).

**چاندنی متمانە لای هاووڵاتیان بە توانای ئەم دەزگایانە بۆ ئەداکردنی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیان گرتووە**

وەك بەراوردکارییەك لە نێوان دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی ئەڵمانیا کە هەردووکیان لەدوای دوو شەڕی گەورە دەستیان بە بونیادی حکومڕانی بە ئامانجی حکومڕانی باشکردووە، لە پرۆفیسۆر جۆرجیمان پرسی و بەمجۆرە تێڕوانینی خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتە دەربڕی: (هاوڕاینم لەگەڵ ئەوەی بنیادنانی دامەزراوەکان پێوەندی بە پێشکەوتن یاخود دواکەوتنی کۆمەڵگەوە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا جیاوازی عێراقی ئێستا و ئەڵمانیای دوای جەنگ چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەوێدا بەدی دەکرێت کە ئایا خەڵکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان ڕوودەکەنە کوێ و چ لایەك؟ بۆ نموونە لە عێراقدا ئەگەر خەڵکی بەدەست گرفتێکەوە بناڵێنێت، ئەوا ڕەنگە پەنا بۆ شێخێك یاخود بۆ مەرجەعێکی ئایینی ببات، واتە پەنا بۆ دامەزراوە تەقلیدییەکان دەبات، لە کاتێکدا لە وڵاتانی ئەورووپادا ئەو کەسانەی قوربانی شەڕ بوون، یاخود ئەو کەسانەی بەشداریان لە شەڕدا کردبوو، ڕوویان دەکردە حکومەت بۆ

## ئامیا چاتوری بۆ گوڵان:



# دەبێت حکومەت خزمەتی خەڵک بکات، نەک خەڵک لە خزمەتی حکومەتدا بێت، دەسەڵات گەورەی خەڵک نییە، بەڵکو خزمەتکاری خەڵکە

ئەوەی داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ بکات، زۆربوونی ئەم داواکاریانە و فشـــاری خەڵك بووە هۆی ئەوەی حکومەت پەنا بۆ بنیادنانی دامەزراوەکان ببات بۆ ئیســـتیعابکردنی ئەو داواکاریانە. لێرەدا دەمەوێت جەخت لەســـەر بوونی حکومەتێکی شـــەرعی بکەمەوە، کە بێ بوونی شـــەرعیەت حکومەت ناتوانێت کارا بێت لە ئەداکرنی ئەرکەکانیدا، ئەمەش بە دوو رێگە بەدەســـت دەهێنرێت، یەکەمیان دەبێت تێڕوانینی خەڵك بەو شـــێوەیە بێت کە حکومەت کار بۆ پاراستنی هاووڵاتیان و بە شێوەیەکی گشتی کار بۆ پارێزگاری کردن لە وڵاتەکە دەکات، دووەمیان دەبێت حکومەت هەڵبستێت بە دروستکردنی ئەو قەناعەتەی کە سیاســـەت و بەرنامەکانـــی خزمەت بە باشـــترکردن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی خەڵك دەکات).

### گەندەڵی ئەو پەتایەی لەپرۆسەی پەرەپێداندا دەردەکەوێت و بە ئاسانی لێی جیانابێتەوە

ئاســـتەنگێکی دیکەی بەردەم پیادەکردنی حکومڕانی بـــاش و رێگرتـــن لەکارلێکی سێ کاراکتەرە ســـەرەکییەکەی حکومڕانی بۆ پیادەکردنی حکومڕانی باش، لەمبارەوە هەموو پســـپۆران هـــاوڕان کـــە دیاردەی پەیدابوونـــی گەندەڵی هەمـــوو وڵاتێکی گرتۆتەوە، تەنانەت هەندێك لەو پسپۆرانەی بۆ ئەم راپۆرتە قســـەیان کردووە راستەوخۆ ئەوەیان خستەڕوو کە هەندێ جار مەترسی ئەوە هەیە گەندەڵی ئـــەو دامودەزگایانەش بگرێتەوە کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەوڵاتدا دادەمەزرێنرێن، لەمبارەوە پرۆفیسۆر مایکل پانگـــۆ بەم راپۆرتـــەی راگەیاند: (دەکرێت گەندەڵی تەنانەت لەو دەزگایانەشدا روویدات کە بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دروستکراون، ئەویش کاتێك کەلێن و کەموکورتـــی لـــەم دەزگایانەدا دەبێت کە هەنـــدێ کەس دەتوانـــن تەلاعوبی پێبکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیـــان یاخود بە تەواوەتی کۆنترۆڵیـــان بکەن. رەنگە ئێمـــە نەتوانین ئاماژە بە رێگەچارەیەکی ئاســـان بکەین بۆ ئەنجامدانی چاکســـازی لەم رووەوە، بەڵام رەنگە کارێکی باش لەم رووەوە بریتی بێت لە چاندنی متمانە لای هاووڵاتیان بە توانای ئەم دەزگایانە بۆ ئەداکردنی ئەو ئەرکەی لە ئەســـتۆیان گرتووە. کە ئەویش تەحەدایەکی گەورەیـــە لەبەر ئەوەی ئەمکارە پێویســـتی بە چارەســـەرکردنی ئەو کەموکوڕیانە هەیە کە بواری ئەوە دەدەن ئەم دەزگایانە لەلایەن کەســـانێکی دیاریکـــراوەوە بۆ مەبەســـتی شەخسی کۆنترۆڵ بکرێن).

هەر ســـەبارەت بـــە مەترســـی گەندەڵی و چۆنییەتی رووبەڕووبونەوەی، پرۆفیســـۆر ئـــارا سامۆنســـکی بەمجـــۆرە رای خـــۆی بۆ ئـــەم راپۆرتە خســـتەڕوو وتی: (رووبەڕووبوونـــەوەی گەندەڵی پرســـێکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمە بۆ مێژووی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا بگەڕێینەوە، ئەوا ئەو راســـتیەمان بـــۆ دەردەکەوێت کە ئەو وڵاتـــە بە ســـەردەمانێکدا تێپەڕیوە کە گەندەڵی تەشەنەی تێیدا کردووە، بۆ نموونە حکومەتەکانی ئەمریکا لـــە کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدەدا حکومەتگەلێکی گەندەڵ بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا توانرا پەرە بە دامەزراوەکان بدرێت تاوەکو توانرا لە سەدەی بیســـتدا گەندەڵییەکی کەمتـــر لەو وڵاتەدا بەدی بکرێت. کەواتـــە دەتوانین لەم رووەوە ئاماژە بەوە بکەین کە گەندەڵی بەشـــێکە لە هەر پرۆســـەیەکی بنیادنانی حکومەتێکی کراوە، بۆ نموونە هیچ هەوڵێك شکنابەم کە بە ئامانجی پێکهێنانی حکومەتی دیموکراتی ئەنجـــام بدرێت کـــە هاوشـــان نەبووبێت بە روودانـــی گەندەڵـــی. هەروەها هەندێ جار گەندەڵیش بە چەشـــنێك تەشەنە دەکات کە کاریگـــەری وێرانکارییانـــەی لێدەکەوێتەوە لەسەر کۆمەڵگە، وەك ئەوەی لە سەردەمانی یەکێتی سۆڤیەتدا بەدیمان دەکرد).

ئەوەی لـــە کۆتایی ئـــەم راپۆرتە گرنگە ئامـــاژەی پێبکەینەوە ئەوەیە، پێویســـتە پارتە سیاسییەکان بە پارتەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزســـیۆنەوە لە خاڵێکی هاوبەشـــدا ئامانجیـــان یەکبگرێتـــەوە کـــە ئەویـــش پیادەکردنـــی حکومڕانی باشـــە لەوڵاتدا هەروەها هەردوولا کار بۆ سەروەریی یاسا و رێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی رادەبڕین و میدیای ئازاد و بونیادی دامەزراوە دەســـتوورییەکان و بەهێزکردنیان، بۆ ئـــەوەی لایەنی دەســـەڵاتی دەوڵەتی دەستپێشخەر بێت بۆ کارلێکی نێوان کەرتی تایبـــەت و رێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنـــی لەگـــەڵ دەســـەڵاتی دەوڵەت و ئەمەش ببێتە هاندەرێك بۆ بەشداری کارا و فراوانی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتدا.

**حکومەتەکانی ئەمریکا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا حکومەتگەلێکی گەندەڵ بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانرا پەرە بە دامەزراوەکان بدرێت**

**پێویستە پارتە سیاسییەکان بە پارتەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە لە خاڵێکی هاوبەشدا ئامانجیان یەکبگرێتەوە کە ئەویش پیادەکردنی حکومڕانی باشە لەوڵاتدا**



پرۆفیسـۆر جۆزێپ کۆلۆمەر لێکۆڵەرە لە ئەنجوومەنی باڵای لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە بەرشەلۆنە (کە هەرێمێکی ئیسپانیایە)، هەروەها پرۆفیسۆری میوانە لە زانکۆی (جۆرج تاون)لە واشنتۆن، ئەمەریکا. ئەو ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەکادیمیای ئەوروپاییە و ئەندامی کۆمەڵەی زانستە سیاسیەکانە کە کۆمەڵەیەکی ئەمەریکاییە. پرۆفیسـۆر کۆلۆمەر نووسەری زیاتر لە ٣٠ کتێبە، کە بە شەش

## جۆزێپ کۆلۆمەر بۆ گوڵان:

# پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە پێویستی بەکاری دەستەجەمعی هاووڵاتیان و کۆدەنگیی کۆمەڵایەتی هەیە

زمـــان بڵاوکراونەتەوە، ئەو کتێبانەش ســـەبارەت بـــە دیموکراتیەتی دامەزراوە سیاســـییەکانە لە بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت و گۆڕانکارییە دامەزراوەییەکاندا. دواین کتێبیشـــی بریتیە لە «زانستی سیاســـەت، ((پێشەکییەك بۆ قسەکردن سەبارەت بە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە)) پرۆفیسۆر کۆلۆمەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

*** پرۆسـەی بونیادی نەتەوە یەکێکە لـە قۆناخە سـەختەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەك، زۆر لە چاودێران پێیان وایە لە پرۆسـەی بونیـادی نەتەوەدا، رۆڵی سـەرۆکی نەتەوە زۆر گرنگە، ئایا تاچەند سـەرۆکی لێهاتوو هۆکارە بۆ سـەرکەوتنی پرۆسـەی بونیادی نەتەوە؟**

- بەڵێ هەموو کۆمەڵگەیەکی رێکخراو پێویستی بە سەرکردە هەیە. سەرکردەکان ئەو کەسانەن کە توانای دەستنیشانکردنی ئامانجە هاوبەشەکانیان بۆ هاووڵاتیانی وڵاتەکە هەیە، هەروەها ئەوان پێویستیان بە توانای پێوەندیکردن و هێز و توانای رێکخراوەیی هەیە.

*** لە پرۆسـەی بونیـادی نەتەوەدا رێکخستنەوەی ژێرخانی وڵات ئەرکی سەرەکی وڵات دەبێت، هەروەها پێویستە هەموو هاووڵاتیان پشکداری لەم پرۆسەیە بکەن، پرسیار ئەوەیە ئایا تا چەند لە دەسـپێکی پرۆسـەی بونیـادی نەتەوەدا، دەتـوانرێت تـوانـاکـانـی تاکەکانـی گـەل بۆ بونیادنانـەوەی ژێرخان هانبدرێت؟**

- بنیاتنانـی وڵاتێـك بنیاتنانـی رێسـا و دامـەزراوەی هاوبـەش لە خۆدەگرێت کە تێکڕای هاووڵاتیان ئەم رێسایانە قبوڵ بکەن و پیادەیان بکەن. ئەمە پێویستی بەکاری دەستەجەمعی و ئیجماعێکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەم پرۆسەیەش زیاتر ئەگەری سەرکەوتنی لێدەکرێت ئەگەر هاتوو خەڵکی وڵاتەکە خاوەنـی خەسـڵەتی کۆمەڵایەتـی، کولتـووری و ئابـووری هاوبەش بن. بەشـێوەیەکی گشـتی ئەندامانـی کۆمەڵگە بچووکەکان دەتوانن کاراتربن لە بەدەسـتهێنانی ئامانجە هاوبەشـە خوازراوەکاندا، نەك کۆمەڵگەی گەورە، پەرش و بڵاو و هەمەچەشنەکان. لە نێو هـەر گرووپێکی بچووکدا، ئەندامەکان پاڵنەری بەشـداریکردنی چالاکانەیان هەیـە ئەگـەر هاتوو گەیشـتنە ئەو قەناعەتەی کـە بەشـداری کردنیان کاریگەری دەبێت و جیاوازی دروست دەکات.

*** لەپرۆسەکانی بونیادنانەوەی نەتەوەدا هەندێ لە وڵاتەکان سەرکەوتوون وەکو تایوان و سەنگافورە و چین، لەکاتێکدا دەوڵەتانی ئەفریقیا و ئەمریکی لاتینی سـەرکەتوو نەبوون. پرسیار ئەوەیە ئایا هۆکاری شکسـتهێنانی ئـەو وڵاتانە چین؟**

- هەندێ لە وڵاتان، لـە نێویاندا ئەو وڵاتانـەی ئێـوە ئاماژەتـان پێکردن، سەرکەوتووانە بنیاتنرانەوە دوای ئەوەی دووچاری شکست و بەزینی سەربازی و داگیـرکاری بوونەوە، ئەمەش دوای خستنەگەڕی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە. بە پێچەوانەوە، وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکانی دیکەی دەستی رۆژئاوا شکستیان هێنا لەم ئەرکەدا، هۆکارەکەش لە تێڕوانینی منـدا بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کە ئەم وڵاتانـە هەوڵیاندا هەمـان ئەزموونی دروسـتکردنی «دەوڵەت»ی ئەوروپی لـە سـیاقێکی نەگونجـاودا دووبارە بکەنەوە. لە ئێستادا مۆدێلی تەقلیدی دەوڵەتی خاوەن «سەروەری» تەنانەت لە ئەوروپاشـدا پیادە ناکرێت، ئەویش بەهـۆی پێکهێنانی یەکێتی ئەوروپاوە کە بریتیە لە فیدراسیۆنێکی گەورەی دەوڵەتەکان. لەبری تاقە سەرچاوەیەکی «سـەروەری»، ئێستا جیهان پێویستی بە جۆرێك لـە حکومڕانێتی هەیە کە دابەشکرابێت بەسەر حکومەتە مەحەلی و فیدراڵیەکاندا، کە هەریەکەیان بەرپرسـیارێتی



سەرکردەکان ئەو کەسانەن کە توانای دەستنیشانکردنی ئامانجە هاوبەشەکانیان بۆ هاووڵاتیانی وڵاتەکە هەیە

بنیاتنانی وڵاتێک بنیاتنانی رێسا و دامەزراوەی هاوبەش لە خۆدەگرێت کە تێکڕای هاووڵاتیان ئەم رێسایانە قبوڵ بکەن و پیادەیان بکەن

ئەندامانی کۆمەڵگە بچووکەکان دەتوانن کاراتربن لە بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشە خوازراوەکاندا، نەک کۆمەڵگەی گەورە

گەلێکی جیاوازیان هەبێت. وڵاتە گەورەکان باشتر ڕێکدەخرێن ئەگەر هاتوو بونیادی فیدراڵی پیادە بکەن. کردەوە دەستەجەمعیە سەرکەوتووەکان لە یەکێتی ئەندامەکانی کۆمەڵگەیەکی بچووك و سەربەخۆوە سەرچاوە دەگرن.

*** نزیکەی تێکڕای هەموو ئابووریناس و سیاسەتمەدارەکان سەرکەوتنی پرۆسەی بنیاتنانەوە گرێدەدەنەوە بە پیادەکردنی ئابووری بازاڕ و ئابووری ئازاد، واتە کەمتر تەرکیز لەسەر پرۆسە دیموکراتیەکان و ئازادییەکان دەکەنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بە حوکمی ئەوەی پتر تەرکیز لەسەر لایەنی ئابووری دەکەنەوە ئایا ئابوورییەکی بەهێز ڕێگەخۆش دەکات بۆ دیموکراسی؟**

- ئابوورییەکی بەهێز ڕێگەخۆشکەرە بۆ دیموکراسی. بەڵام ئابووریەکی بەهێز پێویستی بە دوو بناغە هەیە. یەکەمیان بریتیە لە ئازادی ئابووری، لە جیهانی ئێستادا کە لەسەر ئاستێکی گەورە پێوەندی بەستن و هاتوچۆکردن ڕوودەدات، وڵاتە بچووکەکان تەنیا ئەو کاتە دەتوانن گەشە بکەن ئەگەر هاتوو بەڕووی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتیدا کراوەبوون. لایەنەکەی دیکە بریتیە لە بنیاتنانی دامەزراوە گشتیەکان لە نێویاندا بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکە، دابینکردنی ئاسایش، عەدالەت و دروستکردنی قوتابخانەکان، کە دەبێت لە لایەن دەسەڵاتەوە دابین بکرێن.

*** عێراق وڵاتێکی دوای شەڕە کە ئەمریکا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆسەی بونیادی نەتەوەی کردووە، بەڵام ئەمریکا لە عێراق سەرکەتوو نەبوو، بەڵام هەر لەچوارچێوەی عێراقدا کوردی عێراق لە دووبارە بونیادنانەوەی وڵاتی خۆیان سەرکەتوو بوون، پرسیار ئەوەیە ئایا بۆچی ئەمریکا لە عێراقدا سەرکەتوو نەبوو؟**

- ئەمەریکا لە عێراقدا شکستی هێنا لەبەرئەوەی هەوڵیدا ئەو بیروباوەڕە لە عێراقدا جێبەجێ بکات کە بنیاتنانی ڕژێمێکی دیموکراسی پەیوەستە بە بنیاتانی دەوڵەتی نەتەوەییەوە. ئەمە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی شێوەکانی حکومەتی دیموکراتی جیاواز و جۆراجۆرن، کە مەرج نییە تەنیا لەشێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا پیادە بکرێت. بەهێزکردنی دەوڵەت لە ناوچەی عەرەبیدا ئەرکێکی زۆر سەختە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە هەمەچەشنیەکی ئیتنیان تێدایە، بە چەشنی عێراق، هەروەها لوبنان و ئەفغانستانیش. تەنانەت ئەگەر یەکە خاوەن سەرەوەریەکانیش بەهێزبکرێن، ئەوا ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت مەترسی دروست دەکات لەسەر دەرفەتەکانی هێنانەدی ئازادی و دیموکراسی، چونکە کارێکی لەم چەشنە دەبێتەهۆی زیندووکردنەوە یاخود قووڵکردنەوەی ڕکابەری و پێوەندییە دوژمنکارەکانی نێوان ئەو دەسەڵاتانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا بوونیان هەیە. لە عێراقدا یان دەبێت سیستمی فیدراڵی پیادە بکرێت کە تێیدا بوار و دەرفەتی خۆبەڕێوەبردن بدرێت بە هەرێمەکان یاخود عێراق دووبارە دەبێتەوە دەوڵەتێکی شکستخواردو. بە فیدراڵیکردنی عێراق پێچەوانەکردنەوەی ئەو کارانە لە خۆدەگرێت کە بەریتانیەکان لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا لە عێراقدا ئەنجامیاندا. من باوەڕم وایە لە ئێستادا کوردستان نموونەیەکی باشە لە هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی وڵات کە هەڵدەستێت بە پیادەکردنی بنەما دیموکراتیەکان لە سیاقی گەورەتردا.

*** ئایا تاچەند دەتوانین لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەکانی وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات بە تایبەتی کۆریای باشوور و تایوان بە نموونەی سەرکەوتوویی پرۆسەی بونیادی نەتەوە دادەنرێن، ئایا چۆن سوود لەو ئەزموونانە وەردەگیرێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادی نەتەوە لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوودا؟**

- من پێم وایە ئەم دوو وڵاتە دوو نموونەی باش نین بۆ ئەوەی ئاماژەیان پێبکەین، لەبەر ئەوەی کۆریای باشوور تەنیا بەشێکە لە وڵاتی کۆریا، کە کۆریای باکوور بەشێکی دابڕاوە لەم وڵاتە و لە ژێر دەستی خراپترین دیکتاتۆرە لە جیهاندا، لە کاتێکدا تایوان دوورگەیەکە و لە لایەن ئەو چینیانەوە پێکهێنراوە کە کاتی خۆی لە وڵاتی چینەوە کۆچیان بۆ کردووە.

*** تا ئێستا پێوەری سەرکەوتن بۆ پرۆسەی بونیادی نەتەوە بەو جۆرە بووە کە دەوڵەتان پێشبکەون بە ئاستی ڕۆژئاوا، ئایا تۆ لەمیانەوە ئەو پێوەرە بەراستی دەزانی و هۆکارەکەی چییە؟**

- لە هەندێ ڕووەوە، «مۆدێلی ئەوروپای ڕۆژئاوا» لە بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوە کە مۆدێلێکی تەقلیدیە تەنانەت لە خودی ئەوروپا خۆشیدا بۆتە مۆدێلێکی بەسەرچوو. ئەورپییەکان بەدەست ناکۆکیەکی درێژخایەن و شەڕی ناوخۆی نێوان دەوڵەتەکانەوە دەیانناڵاند، هەروەها توانییان بەهۆی پێکهێنانی یەکێتیەکی کیشوەریەوە دیموکراسی و ئاشتی بەدەست بهێنن کە ئەم یەکێتیە ئەرکی دەوڵەتەکانی سووککرد لە بواری بنیاتنانی بیرۆکراسەتێکی مەرکەزی بۆ سوپا و هەروەها لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکاندا. دەکرێت بە دیموکراتیکردن و بنیاتنانی ئاشتی لە جیهانی عەرەبدا سەرکەوتنی باشتر بەدەست بهێنێت ئەگەر هاوشان بێت بە دامەزراندنی ناوچەیەکی گەورە کە تێیدا بازرگانی ئازاد بێت و هاوکاری سەربازی و ئەمنی تێدا ئەنجام بدرێت. یەکێتی دیموکراسیە عەرەبیەکان، لە زۆر ڕووەوە کە وەك فیدراسیۆنی یەکە بچووکەکان پێکهاتبێت، بە چەشنی ئەو پرۆژەیەی لە عێراقدا خراوەتەڕوو، دەکرێت مۆدێلێکی کاراتر بێت لەبری هەوڵدان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتە نەتەوەییە خاوەن سەروەرییەکان.

**ئێستا جیهان پێویستی بە جۆرێک لە حکومڕانێتی هەیە کە دابەشکرابێت بەسەر حکومەتە مەحەلی و فیدراڵیەکاندا**

**ئابوورییەکی بەهێز ڕێگەخۆشکەرە بۆ دیموکراسی**

**بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت مەترسی دروست دەکات لەسەر دەرفەتەکانی هێنانەدی ئازادی و دیموکراسی**

# ئاستەنگەکانی دیموکراتیەت لە عێراقدا



**دکتور شێرزاد نەجار**

**تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە**

**« لە هەر ماوەیەك لە ماوەکانی مێژوودا نەتەوەیەك لە تاریکییەکی نوێدا یان لە تەمومژێکی چڕدا بزردەبێت بەجۆرێك پێشی خۆی نابینێت و هەست بە ترسێکی زۆر دەکات، ئەو کات هەمووان شتەکان تێکەڵ دەکەن، لەم جۆرە بارودۆخانەدا بیرمەندی گەورە پەیدا دەبن بۆ ئەوەی تاریکی بڕەوێننەوە لەبارتەقای ئاسۆدا بارودۆخەکە ئاسایی ببێتەوە و تاریکیە تەمومژاوییەکە لابچێت و ڕێگاش سەر لە نوێ واڵا دەبێتەوە».**

**یۆرگن هابرماس**

زۆر لە عێراقییەکان خەونیان دەدی و ئێستاش خەون بە (دیموکراتیەت)ەوە دەبینن، بەڵام ئەوەی دەستیان کەوت داگیر کردن Occupation و ئاژاوە Chaos بوو، ئەمە چی دەگەیەنێت؟

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستەنگی فکری و پراکتیکی ڕووبەڕووی (گۆڕانکاری دیموکراتی Transition to Democracy دەبنەوە لە عێراق.

دیموکراتیەت لەوە زیاترە کە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن گوزارشتی لێ بکرێت، دیموکراتیەت سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، سیاسییەکان تێیدا ڕکابەرێتی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و بڕوای دەنگدەران بۆ ئەوەی پشت بە پاڵپشتی حوکم لێکراوەکان ببەستن لە حوکمڕانی و دواتریش شەرعیەت.

**دیموکراتیەت لەوە زیاترە کە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن گوزارشتی لێ بکرێت**

بەڵام تێبینی دەکرێت کە پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق دەیانەوێ بەشدارییان هەبێت لە دەسەڵاتی سیاسی، ئەمەش کێشەی دیموکراتیەت ئاڵۆز دەکات، چونکە گرنگترین پێکهێنەری دیموکراتیەت بریتیە لە بوونی کۆمەڵەیەکی دەسەڵاتدار لە بەرامبەردا کۆمەڵەیەك کە ئۆپۆزسیۆنە و چاودێری دەکات.

بەڵام عێراقییەکان و ئەمریکییەکان کە هانی دیموکراتیەت دەدەن ڕووبەڕووی ئەم گرفتە دەبنەوە:

چۆن دەتوانن هەڵبژێرن لە نێوان:

* ئەو سیاسیانەی کە لە هێزی سیاسییاندا پشت دەبەستن بە ناوبانگی خۆیان بەوەی خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکەن.

* ئەو سیاسیانەی کە لە هێزی سیاسییاندا پشت دەبەستن بە ناوبانگی خۆیان بەوە سەرکردایەتی چەکدارەکان دەکەن بەوەش بڕوایان بە هێزی ماددی هەیە بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات سیاسیدا.

سەرکردە سیاسییە دیموکراتییەکان دوو ئامانجیان هەیە لە پیادە کردنی دەسەڵاتی سیاسی و بەکارهێنانی دارایی گشتی:

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی باش بۆ هاووڵاتیان.
- پاداشت کردنی ئەوانەی چالاکانە پشتگیرییان دەکەن بە دەستکەوتی ماددی لەڕێگای گرێبەستی گشتی.

بەڵام سەرکردە نادیموکراتییەکان تەنیا گرنگی بە ئامانجی دووەم دەدەن، ئەمەش یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی بنیاتنانی دیموکراتیەت لە عێراق.

عێراق تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە لە هەنگاوەکانی بۆ بنیاتنانی دیموکراتیەت بۆیە بەپێی ڕاپۆرتی خولی (سیاسەتی دەرەوە Foreign Policy) لە دوایین ژمارەیدا، ئەوا عێراق لە چوارچێوەی دە دەوڵەتی سەرنەکەوتووی جیهان دێت، بەر لەوەش پرۆفیسۆر (ستیفن زوینس Stephen zunes) لە زانکۆی سان فرانسیسکۆی ئەمریکی لە توێژینەوەیەکیدا لە گۆڤاری (Foreign Policy In Focus) لە ئاداری ٢٠٠٧ دووپاتی کردەوە کە پرۆسەی (دیموکراتیزەکردنی ) عێراق سەرنەکەوتووە.

وەك پرۆفیسۆر لاری دایمۆند Larry Diamond لە توێژینەوەیەکیدا لە (فۆرن ئەفیرس Foreign Affairs دا لە ٢٠٠٤ بەناوی (لە عێراق چ هەڵەیەك ڕوویدا What Went Wrong in Iraq) دووپاتی دەکاتەوە، ئیدارەی ئەمریکی سیاسەتێکی ڕاستی نەگرتە بەر و نەیدەویست پابەند بێت بە پێویستی خولقاندنی ئاسایش لە عێراق و قەت لەم وڵاتە نەگەیشت و نەیدەویست لێی تێبگات.

بەڵام ئەنجامی ئەم سیاسەت و تێکەڵ کردن و هەڵە گەورەیە چی بوو؟

وەك دایمۆند دەڵێ ئەنجامەکەی ئەوەیە کە پاشەڕۆژی دیموکراتی عێراق بە تەرازووە وە هەڵواسراوە hangs in the balance.

کەواتە ئەو گرفتانە چین کە پاڵەپەستۆیان دروستکردووە لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە سەرنەکەوتووە؟ گرنگترین گرفتەکان ئەمانەن:

*توندوتیژی بەردەوام

*دەوڵەتێکی شکاوی سەرنەکەوتوو

* ئابووریەکی ناچالاك

* کۆمەڵگایەکی ماندوو
* ئەکتیف نەبوونی دەستوور
*ڕێز نەگرتن لە ڕێوشێنە دیموکراتیەکان و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن
* چارەسەر نەکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێـوان حکومەتـی فیدراڵـی ناوەنـدی و حکومەتی هەرێمی کوردستان
* گرفتـەکان گەندەڵـی و نەبوونـی نەزاهەت

عێراق بەم برە کێشە و ئاستەنگە گەورانە و کەڵەکەبوونیـان زۆر دوورە لـەو بەڵێنانەی بە ئیدارەی ئەمریکـی داون (دیموکراتیەت، ئاسایش، پەرەپێدانی ئابووری تاد....)

زنجیـرە درێژەکەی حیسـاباتە هەڵەکانی ئیـدارەی ئەمریکـی ئـەم عێراقـەی لە بارودۆخێکـی زۆر خـراپ جێهێشـت کە بووەتە هۆی ئاستەنگێکی سەرەکی لەبەردەم «گۆڕانکاری دیموکراتی» .

عێراق بـەم برە زۆرە لە گرفتەکان دەکرێ زیاتر لـە جەنگەوە نزیکتر بێـت لەوەی لە ئاشتی و ئاسایشەوە.

دەسـت بەسـەرداگرتنی نەرمـی دەسـەڵات(Soft Authoritarianism) کە حکومەتی عێراقی لە چوار ساڵی ڕابردوودا پیـادەی کرد (بەتایبەتی سـەرۆکی وەزیران نوری مالکـی) عێراقـی ڕزگار نەکرد لە ڕەفتاری شـمولیانەی پیادە کردنی سیاسەت بەڵکو ئەم ئاراسـتەیەی قووڵتـر کرد،(نای ڕۆزن (N. Rosen) لـە زانکـۆی نیویۆرك ئـەم حکومەتە بەم شـێوەیە وەسـف دەکات کـە « گەندەڵ و توندە و هـەوڵ دەدات بە هێز خۆی بسـەپێنێت و مالکی گۆڕاوە بۆ سەدامێکی نوێ»، هەروەها ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ (پاتریك کۆکبۆرن (Kockporn) لە ڕۆژنامەی (ئەندیپێندنت) لە ئاداری ٢٠١٠ دەڵێ: عێراق تا ئێسـتا سەقامگیر نییە و تا ڕادەیەکی زۆر دابەشکراوە، بۆیە ئەم نووسەرە سیاسیەکانی عێراق بە « چینێکی خراپ لە سیاسییەکان» وەسف دەکات.

ئەم بارودۆخە زۆر ئاڵۆز بووە و ئەمەش بە ڕوونی دیـارە لەڕێز نەگرتن لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و گوێ نەدان بە ڕای دەنگدەری عێراقی کە لـە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ دەربڕی، پرۆفیسـۆر جاك سنایدەر Jack Snyder) لـە کتێبێکی هاوبەش لەگەڵ پرۆفیسـۆر ئێدوارد مانسـفایلت بە ناوی Electing to fight; Why Emreging) (Democracies Go to War کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچـووە دەڵێ: (هەڵبـژاردن ڕێگا خۆش دەکات بۆ جەنگ بەهۆی کەڵەکەبوونی فاکتەرەکانی سەرەوە) بۆیە هەڵبژاردن دەبێتە (عەزاب) وەك ئەوەی لە توێژینەوەی هەردوو زانایـان (ئێلشـنەر Elischner و بیکـەر Becker) دا هاتـووە بە نـاوی (عەزابی هەڵبژاردن Die Qual der Wahl).

ئەم بارودۆخە بارودۆخێکی کارەسات ئامێزە لە عێراق.

کامـڵ نەبوونی پرۆسـەی گۆڕانکاری دیموکراتی مەترسـییەکانی نزیك بوونەوە لە بارودۆخی کوشـتاری ناوخۆیی یان تەنانەت شـەڕ زیاتر دەکات، چونکە دامودەزگاکانی دەوڵەت لاواز دەبن و نوخبەی سیاسی تووشی هەرمـەشـە دەبنەوە لە ئەنجامـی لاواز بوونی دامودەزگاکان، سـەرنەکەوتنی گۆڕانکاری دیموکراتـی دەبێتـە هۆی سـەرنەکەوتنی بنیاتنانی دامودەزگا دیموکراتییەکان و دەبێتە هۆی:

• سەرکەوتنی بەرژەوەندی تایبەت بەسەر بەرژەوەندی گشتی نشتیمانی.
• لاواز بوونـی دەوڵەت و نەبوونی توانای وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی جەماوەر.
• پڕکردنەوەی بۆشـایی دامودەزگاکان و سیاسـی لە ڕێگای ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و ئایینی.

لەم حاڵەتەدا ڕکابەرێتی سـەرهەڵ دەدات لەنێوان:

• نوخبەی سیاسی کۆن
• کۆمەڵە سیاسییە نوێیەکان
• جەماوەر

لە حاڵەتی عێراقـدا تێبینی ئەوە دەکرێت جەماوەر ڕۆڵی خۆی بینیوە لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام ئەنجامەکان چی بوون؟

نوخبـە سیاسـییە کۆنەکانـی کۆمەڵە نوێیـەکان هەوڵ دەدەن خۆیـان لە ئەنجامی هەڵبژاردنـەکان بدزنـەوە بـۆ بەدیهێنانی بەرژەوەنـدی تایبەتی خۆیان و پشـتگوێ خسـتنی ڕای جەماوەر بۆیە عێـراق بەرەو تونێلی کێشـەیەکی سیاسـی توند هەنگاو دەنێ، بۆیە بۆ بنیاتنانـی دیموکراتیەتێکی ڕاستەقینە لە عێراق پێویستە:

• ڕێـز لـە ئەنجامـی هەڵبژاردنەکان بگیرێت
• بوونی نوخبەیەکی سیاسی کە نەزیە و نشتیمان پەروەر بن و بەرژەوەندی گشتی بخەنە سەر بەرژەوەندی تایبەت
• چڕ نەکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی یەك کەس یان یەك دەزگا
• گرنگیـدان بـە دۆزینـەوەی زەمینە بـۆ بەدیهێنانـی مەرجە پێـش وەختەکانی دیموکراتییەت:
• پەروەردە و زیاد کردنی خۆشـگوزەرانی ئابووری
• هاریـکاری و چاودێریکـردن لەنێوان دەسـەڵاتە سەرەکییەکان(تەشـریعی و جێبەجێکردن) بۆ مسۆگەر کردنی مەسەلەکە و سەپاندنی چاودێری گەل لەسەر کارەکانی حکومەت
• گرنگیـدان بە ڕۆشـنبیری سیاسـی پشت بەسـتراو بە پرەنسیپە سـەرەکیەکانی دیموکراتیەت

بەبێ ئەم چوارچێوە گشـتییە باس کردن لـە گۆڕانکاری دیموکراتـی لە عێراق زۆر زەحمەتە. بەڵام کـێ دەتوانێت ڕێگا بۆ ئەم پرۆسە پێویسـتەی بنیاتنانی دیموکراتی لە عێراق خۆش بکات.

لە بارودۆخی ئێسـتای عێراقدا ئەو لایەنە سیاسـیانەی کە دەتوانن ئـەم ڕۆڵە بگێڕن، تا ئێسـتا نەیانتوانیوە کە هەنگاوی جددی بۆ بهاوێن، بۆیـە دەکرێ بیر لە ڕۆڵی کورد بکرێتەوە لەم بوارەدا، بەڵام چۆن؟

ململانێی سیاسی نێوان لایەنە سیاسییەکان (مەبەسـتمان لێرە: عێراقییە، دەوڵەتی یاسا، ئیئتیلافی نشتیمانییە) عێراقیان گەیاندە ئەم حاڵەتە (ئاستەنگێکی سیاسی) وەك سەرۆك ئۆباما وەسـفی کـرد و ڕۆژگاری ڕابردوو دەریخست کە گەیشتن بە حاڵەتی (ڕێکەوتن لەنێوان ئەم لایەنانەدا زۆر دوورە، بۆیە دەکرێ کورد بێنە ناو مەسەلەکە بۆ (چارەسەرکردنی) بارودۆخەکە و نزیك خستنەوەی بیروبۆچوونە جیاواز و دژەکان.

کورد کارێکە کە سەنگی گرنگی خۆی هەیە لە نەخشـەی سیاسـی عێراقدا بۆیە پێویسـتە کە بێنە ناو مەسـەلەکە بەجۆرێك چارەسـەری جدی بـۆ چارەسـەرکردنی (ئاستەنگی سیاسی عێراق) بخەنە ڕوو، لێرەدا سەرۆك مسعود بارزانی وەك کەسایەتییەکی سیاسـی عێراقی و نێودەوڵەتی هاوسەنگ و وەك سـەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنـگ و یەکلاکـەرەوە بگێڕێت لە نزیك کردنـەوەی بیروبۆچوونەکان ئەویش لە بەرژەوەندی عێراق و پرۆسـەی سیاسی لـە عێراق ئاراسـتە کردنـی داوەتنامە بۆ کۆبوونەوەیەکی گرنگی سەرکردە عێراقییەکان دەکرێ هەنـگاوی یەکەم بێت کە هەنگاوی تری جدی بەدواوە دێت بۆ چارەسـەر کردنی کێشەی عێراق کە لە بێچارەسەریدا ماوەیەکی درێژ زۆری خایاندووە ..

**کامڵ نەبوونی پرۆسەی دیموکراتی مەترسییەکانی نزیک بوونەوە لە شەڕی ناوخۆیی زیاتر دەکات**

**نوخبە سیاسییە کۆنەکانی کۆمەڵە نوێیەکان هەوڵ دەدەن خۆیان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بدزنەوە**

# جیهانێک لە دەرەوەی جیهانی دیموکراتی






ديموكراسى
جيهانى عەرەبى

لاری دایمۆند تایبەتمەند لەسەر پرسی دیموکراتی و بونیادی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لەجیهاندا، ئەو بیرمەندیە کە ئەمریکا دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق کردی بە راوێژکاری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بۆ بونیادی دیموکراتی لەعێراقدا، بەڵام دایمۆند کاتێکی زۆر لەم پۆستە نەماوەیە، پاش ئەوەی سەردانی چەند ناوچەیەکی عێراقی کرد و چەند موحازەرەیەکی لە زانکۆکانی عێراق پێشکەشکرد، کە دوایین موحازەرەی لە زانکۆی کوفە بوو، گەڕایەوە زۆنی سەوز و دەست لەکارکێشانەوەی خۆی دایە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و پێی ڕاگەیاندن ((عێراق بەرەو هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی مەزهەبی هەنگاو هەڵدەگرێت، نەك بونیادی دیموکراتی)).
ئەم دەست لەکارکێشانەوەیەی دایمۆند لەساڵی ٢٠٠٤دا بوو، ئەوکات ئەمریکیەکان لەوپەڕی گەشبینیدابوون بە بونیادی دیموکراتی لە عێراقدا، بۆیە کە دایمۆند ئەم مەزندە پێشوەختەیەی ڕاگەیاند نەك دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، بەڵکو ئیدارەی بوش و کۆنگرێسیش ڕووبەڕووی هێدمە و سەرسوڕمانێکی گەورە بوونەوە، بۆ تێگەیشتن لەو بنەمایانەی کە دایمۆند لەسەری مەزندەی کردووە، بڕیاردرا دانیشتنێکی لەبەردەم لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بۆ ڕێکبخرێت سەبارەت بە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لەعێراقدا (Testimony of Larry Diamond to the Senate Foreign Relations Committee- Washington، DC، May ١٩، ٢٠٠٤). دایمۆند لەم دانیشتنەدا جارێکی دیکە بە لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ڕاگەیاندەوە، عێراق بەرەو توندوتیژی و شەڕی مەزهەبی ملدەنێت، نەك دیموکراتی.
ئاماژەدان بەم مەزندەیەی دایمۆند لەسەر پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لە عێراقدا، بۆ تێگەیشتنە لەو چەند دێڕەی کە لەنێوان دوو کەوانەکەی سەرەوە وەك دەروازە بۆ چوونە ناو ئەم باسە ئاماژەمان پێکردووە، هەروەها گەرانە ئاماژەیە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی خودی دایمۆند



**شانا مارشاڵ بۆ گوڵان:**


# شکستی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بەشێکیدا بۆ تەفاعولی مێژوویی نێوان حکومەتە ڕۆژئاواییەکان و حکومڕانە عەرەبەکان دەگەڕێتەوە

ورورژاندیەتی و دەپرسێت: بۆچی عەرەب نابێتە دیموکراتی؟ (why are there no Arab democracies؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وەڵامێکی ئاسان نییە، پێش هەمووان دایمۆند خۆی دان بەوەدا دەنێت ئەویش تا ئێستا ویلە بەدوای وەڵامێکدا، لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی دووچاری سەرسوڕمانمان دەکات ئەوەیە، ئەم مەسەلەیە کە لەچوارچێوەی فیکری و سیاسی گریمانەی لەسەر وەردەگرین، بەڵگە زیندووەکان هەر لەسەرەتاوە گریمانەکان پوچەڵدەکەنەوە و هەر بۆنموونە ئەگەر هۆکاری نەبوونی دیموکراتی بۆ (کولتووری عەرەبی و ئیسلام وەك ئایین بگێڕینەوە)، ئەوا دەبینن کولتوور و ئایین وەڵامێکی موقنیعکەر نین بۆ نەبوونی دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبیدا، ئەگەر هۆکاری نەبوونی دیموکراتی بۆ بوونی نەوت بگێڕینەوە و ئاماژە بەوە بکەین سامانی نەوت بۆتە ئەو چەکەی کە ڕێگە نادات دیموکراتی سەرهەڵبدات، ئەوا دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی وەك ئەردەن و میسر و مەغریب و توونس و تەنانەت یەمەنیش، ئەمانیش هیچیان بە دیموکراتی لە قەڵەم نادرێن لەبەر ئەوەی ئاستی پەرەپێدان لە ئاستێکی ئەوتۆدا نییە، بۆیە ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین ئایا هۆکاری شکستی دەوڵەتانی عەرەبی لە بونیادی دیموکراتی چییە؟ ئەوا واقیعی دەوڵەتانی عەرەبی پێمان دەڵێت: شکستی بونیادی دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبی پێوەندی بە ئابووری سیاسی و جوگرافی سیاسییەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە پێکهاتەی سیاسی عەرەبییەوە هەیە، هەربۆیە جیهان چەند لەسەر ئاستی دیموکراتی گۆڕانکاری بەخۆیەوە ببینێت، جیهانی عەرەبی وەڵامدانەوەیەکی زۆر کەمی دەبێت کە دەکرێت ئەو وەڵامدانەوەیە هێندە کەم بێت بە گەشەی دیموکراتی لەقەڵەم نەدرێت.
سەبارەت بەوەی بۆچی دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبی دروست نابێت، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر شانا مارشاڵ ئوستادی زانستی سیاسەت لەبەشی حکومەت لە زانکۆی میرلاند کرد، خاتوو شانا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە: (بەپێی تێگەیشتنی من شکستی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بەشێکیدا بۆ تەفاعولی مێژوویی نێوان حکومەتە ڕۆژئاواییەکان و حکومڕانە عەرەبەکان دەگەڕێتەوە. بەرژەوەندییەکانی پەیوەست بە بەدەستهێنانی نەوت و دابینکردنی ڕێگەی گواستنەوە کەلوپەل لەکاتی ناکۆکییەکاندا بوونە هۆی ئەوەی حکومەتە ڕۆژئاواییەکان پشتیوانی سیاسی، دارایی و سەربازی بۆ حکومڕانە ناشەرعی و تاکڕەوەکان دابین بکەن. باوەڕم وایە بێ ئەم پشتگیرییە گرنگە زۆرێك لە حکومڕانەکان چەند دەیەیەك پێش ئێستا لەلایەن خەڵکی

کورتهێنانی
یموکراسی لە
اوچەکەدا بۆ
ڕایەتیکردنی
ارستانییەتی
ەرەبی بۆ بنەما
ەرەکییەکانی
دیموکراسی
ەگەڕێتەوە وەك
دی ڕادەبڕین و
گرتن لە فرەیی

ەشەنەکردنی
ندەڵی یەکێکە
لە کۆسپە
ەرەکییەکانی
بەردەم
ەکردنی بنەما
موکراسییەکان

وڵاتەکـــەوە لە دەســـەڵات دوور دەخرانەوە. بە دڵنیاییەوە چەند جارێـــك ئەو رژێمانە رووخـــاون، بەڵام دواتر بەهۆی پاڵپشـــتی رۆژئاواوە دەســـەڵاتیان گرتۆتەوە دەست. هەندێ کەس بانگەشـــەی ئەوە دەکەن کە کورتهێنانی دیموکراســـی لـــە ناوچەکەدا بۆ دژایەتیکردنی شارستانییەتی عەرەبی بۆ بنەما ســـەرەکییەکانی دیموکراســـی دەگەڕێتەوە وەك ئازادی رادەبڕین و رێزگرتن لـــە فرەیی. لە راســـتیدا بوونی روحیەتی دیموکراســـی هیچ کاریگەرییەکی نابێت ئەگەر هاتوو لەلایەن دامەزراوە تاکڕەوەکان رێگە بە گوزارشتکردن لەو روحیەتە نەدرا. حکومەتـــە رۆژئاواییـــەکان تاوانباران نەك هەر تەنیا لـــە گەیاندنی رژێمی گەندەڵ و ناشـــەرعیەکان بـــە دەســـەڵات، بەڵکو تاوانباریشـــن لـــە ئاسانکردنی کردن بۆ ئەوەی ئەو رژێمانە کۆنترۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن و سیستمی قەزائیش بکەن. بۆ نموونە، تەشەنەکردنی گەندەڵی یەکێکە لە کۆسپە ســـەرەکیەکانی بەردەم پیادەکردنی بنەما دیموکراســـییەکان، لەبـــەر ئەوەی دەبێتەهـــۆی بـــێ متمانەکردنی خەڵك لە ئاست بەرپرسە هەڵبژێردراوەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا نیوەی ئەو پارەیەی بۆ مەسەلەی واســـیتەکردن بەکاردەهێنرێت لە پرۆسەی شەرعی چەك فرۆشتنەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمپانیا رۆژئاواییەکان ئەنجامی دەدەن. کەواتە ئەگەر هاتوو گەمەکارە سیاسی و بازرگانەکانی ئێمە شەفافتر و بەرپرسیارتر مامەڵەیان کرد، ئەوا رەنگە باشتر پرۆسەی بـــە دیموکراتیکردن لە ناوچـــە دوورەکاندا (وەك عێراق) ئەنجـــام بدرێت. بە داخەوە ئەو کەســـانەی لە دەســـەڵاتدان خواستی ئەوەیان هەیە دیموکراسی بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندا بەرتەسکەکانیان ئیستیغلال بکەن. ئەمە بۆ هەمەوو کۆمەڵگەیەك راســـتە. بۆ نموونە لە ئەمریکادا هەمان رێوشـــوێنی دیموکراســـی بۆ دەربڕینی راوبۆچوونەکان لەیەك کاتـــدا وەك گیانی دیموکراتیانەی گفتوگۆکردن لێك دەدرێتەوە، لای هەندێ کـــەس و لای هەنـــدێ کەســـی دیکەش وەك هەوڵـــی کەمینە بـــۆ رێگە گرتن لە دەرکردنی یاســـاکە دەخرێتەڕوو. لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەکانیشـــدا ئەو کەسانەی هەوڵی ئەنجامدانی چاکســـازی دەدەن بە «بەکرێگیراوانی ئیمپریالیستی رۆژئاوایی»



جۆناسان دیڤید فاین بۆ گوڵان:

# هەمیشە ئەو تێڕوانینە لە ئارادا بووە کە کرانەوە بە رووی رۆژئاوادا دەبێتەهۆی ئیختیراقکردنی شارستانییەتی ئیسلامی لەلایەن شارستانییەتی رۆژئاواوە

تاوانبار دەکرێن، ئەمـــە ئەگەر هاتوو ئەو چاکسازیانە هەڕەشەبوون لەسەر دەسەڵاتی ئەو سەرکردانە. لە راستیدا ئەمە ئاماژەیە بە کەموکورییەکی جدی لە تێگەیشتنی دیموکراســـیدا، کە بە هەڵە یەکسان کراوە بە هەڵبژاردن، ئەمە لە بەشـــێکیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەنجامدانـــی هەڵبژاردن ئاســـانترە لە بنیادنانی دەزگا قەزائیەکان و دەزگا راگەیاندنـــەکان. لەبـــەر ئەوەی بـــێ بوونی ئـــەو دامەزراوانـــە تەنانەت «نەزیهتریـــن و عادیلانەترین» هەڵبژاردن دەبێتە گوازرشـــتکردن لـــە پێوەندییەك کە تێیدا دەنگدەران لەســـەر بنەمای سوود و قازانجکردنـــی ماددی دەنگ دەدەن، واتە ئـــەو پارتـــەی زۆرتریـــن کاڵای ماددی دابەش بـــکات زۆرترین دەنگ بەدەســـت دەهێنێت. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراقدا بە ئاشکرا ئەم حاڵەتە بەدی دەکرا. ئەم رەفتارە پێشـــێلکردنی ئـــەو بنەمایە نییە کە دیموکراســـی لەســـەر ئەساسی هەڵبژاردن بنیـــاد دەنێت، بەڵام زۆر کەس پێیانوایـــە ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی دەنگی دەنگدەران تەرجەمە بکرێت بۆ سیاسەتێکی مەنتیقی. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە دیموکراســـیی ناتوانێت گۆڕانی پێویست دروست بکات. ئەمە لە وڵاتانی دیکەشدا بەدی دەکرێت کە خەڵکی لەسەر ئەساسی وەلائیـــان بـــۆ گرووپە ئیتنیـــی، ئایینی و ناوچەییەکەیـــان دەنـــگ دەدەن، لەبەر ئەوەی دواتر غەنیمەتـــی بردنەوە دەچێت بۆ گرووپە ئیتنی یان ناوچەییەکەیان. بۆ ئەوەی دیموکراســـی سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێـــت کەمینەکان دڵنیابـــن کە تەنانەت ئەگەر نوێنەرە ئیتنی یـــان ئایینیەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا شکســـت بهێنن، ئەوا لەســـەر کارەکانیان دەرناکرێـــن و موڵك و ماڵیان لـــێ زەوت ناکرێـــت. هۆکارێکی دیکەی نائومێدبوونی هاووڵاتیانی عەرەب لـــە «دیموکراســـی» بۆ ئـــەو پێوەندییە دەگەڕێتـــەوە کەلـــە نێـــوان ئازادبوونی ئابووری و دیموکراســـی راستەقینەدا لەم وڵاتانەدا هەیـــە. زۆرێك لـــە تیۆرزان و سیاســـییەکانی رۆژئاوا ئاماژە بەوە دەکەن کـــە بوونی بـــازاڕی ئـــازاد دەبێتەهۆی دروستبوونی سیســـتمێکی سیاسی ئازاد. بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا ئەو کەســـانەی لەسایەی ئیشـــتراکیەتدا کۆنترۆڵـــی ئابووریان کردبوو دریژەیان بەو کۆنترۆڵکردنەدا تەنانەت دوای ئازادبوونی ئابووری ئەو وڵاتانەش. چونکە ئەو کەسانە کە پێشتر سەروەت و ســـامانێکی زۆریان کەڵەکـــە کردبوو توانیان بـــە نرخێکی کەم موڵك و ماڵە حکومیەکان بکڕنەوە و درێژە بە کۆنترۆڵکردنی ئابووری وڵاتەکە بدەن. لە زۆر حاڵەتدا ئـــەم ئازادکردنی ئابوورییە بووەهـــۆی نزمکردنەوەی ئاســـتی ژیانی کرێکار و جووتیـــارەکان، بێ ئەوەی ئەمە هاوشان بێت بە ئازادبوونی سیاسی)).

«نەزیهترین
عادیلانەترین»
هەڵبژاردن دەبێ
گوازرشتکردن
پێوەندییەک
تێیدا دەنگدەر
لەسەر بنەما
سوود و
قازانجکردنی م
دەنگ دەدەن

بۆ ئەوەی
دیموکراسی
سەرکەوتوو
بێت، ئەوا دە
کەمینەکان دڵن
کە تەنانەت ئە
نوێنەرە ئیتنی
ئایینیەکانیان
هەڵبژاردنەکا
شکست بهێنن
ئەوا لەسەر
کارەکانیان
دەرناکرێن و مو
و ماڵیان لێ ز
ناکرێت

هەر سەبارەت بەم پرسە و هۆکار مانەوەی ئەم ناوچە گرنگە لە دەرەوەی جیهانی دیموکراتی، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جۆناسان دیڤید فاین پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر پرسی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی حەیفا کرد و وتی: (دەوڵەتە عەرەبییەکان لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە شکستیان هێناوە لە هێنانەدی دیموکراسیدا و لە ڕاستیدا هەوڵی پێویستیان نەخستۆتەگەڕ بۆ هێنانەدی دیموکراسی. لەوەش زیاتر هیچ ئەزموونێکی دیموکراسی لە وڵاتانی عەرەبییدا بەدی ناکرێت و تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانەش لەم وڵاتانەدا بکرێت، ئەوا ئەو هێزانە سوود لەم هەڵبژاردنانە وەردەگرن کە میکانیزمەکانی دیموکراسی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دیموکراسی بەکاردەهێنن، بۆ نموونە لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج بوشدا کۆندولیزا رایس داوای لە میسر کرد کە ئازادی و کرانەوەیەکی زیاتر پیادە بکات، بەڵام ئەگەر ئەمکارە ئەنجام بدرێت، ئەوا ئیخوان موسلیمین دەسەڵات دەگرێتە دەست و ئەو کاتە دیموکراسی هەڵدەوەشێنێتەوە و دەوڵەتی شەریعەت دادەمەزرێنێت. هەروەها بروانە تورکیا، ئەردۆغان لەو وڵاتەدا هەوڵی ئیستغلالکردنی دیموکراسی دەدات بۆ کۆتایی هێنان بە دیموکراسی، واتە ئەو سەرقاڵی ئەنجامدانی گۆڕانکارییە لە سوپا و لە دادگای باڵادا بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا دەوڵەتی شەریعە دابمەزرێنێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە چەند ئاڵۆزی لەخۆ دەگرێت..... ئەگەر ئێمە بۆ مێژووی وڵاتە عەرەبییەکان بگەڕێینەوە ئەو ڕاستیە بەدی دەکەین کە تەنانەت پێش دروستبوون و سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییە توندڕەو و توندوتیژخوازەکان، ئەوا هەمیشە هێزە ئایینییە تەقلیدییەکان هەڵساون بە بەرهەڵستی کردن و بەرەنگاربونەوەی ئەو هێز و بزووتنەوانەی کە هێزگەلێکی لیبراڵی بوونە. لەبەر ئەوەی هەمیشە ئەو تێڕوانینە لە ئارادا بووە کە کرانەوە بە ڕووی ڕۆژئاوادا دەبێتەهۆی ئیختیراقکردنی شارستانییەتی ئیسلامی لەلایەن شارستانییەتی ڕۆژئاواوە، هەروەها هەمیشە ئەو تێڕوانینە لە ئارادابوو کە هەرچی ڕۆژئاوا ئەنجامی داوە زیانی بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی گەیاندووە و ڕۆژئاوا هێزێکی ئیمپریالیستی و کۆلۆنیالیستییە. کەواتە هەموو کاتێك هەوڵ و کۆششەکانی بە مۆدێرنەکردن ڕووبەڕووی بەرهەڵستی ناوەندە ئایینییە تەقلیدییەکان بۆتەوە. لەبەر ئەوە پێموایە هۆکارەکە لە کولتووری ئەم وڵاتانە و لە تێڕوانین و لە تێگەیشتنی کۆمەڵگەکانی ئەم وڵاتانەدایە. لەهەمان کاتدا مەرج نییە عەلمانی بوونی کۆمەڵگەیەك هاوشان بێت بە کرانەوە بە پیادەکردنی دیموکراسی، بۆ نموونە بڕوانە وڵاتی سووریا کە ڕژێمێکی عەلمانی حکومڕانی دەکات، بەڵام زۆر دوورە لەوەی ڕژێمێکی دیموکراسی بێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە خوڵقاندنی کولتووری دیموکراسییەوە، ئەوا پێموایە ئەمە کارێکی کردەنییە، بەڵام پێویستی بە گۆڕینی پرۆگرامەکانی پەروەردە هەیە و ئەم پرۆسەیەش کاتێکی زۆر دەخایەنێت و ڕەنگە پێویستی بە دوو نەوە هەبێت بۆ ئەوەی جێگیر بێت و بچەسپێت. بۆ نموونە ڕووخاندن و ڕاماڵینی ڕژێمی سەددام حوسێن لەسەر دەستی ئەمریکا نەبووە هۆی چارەسەرکردنی تێکڕای کێشەکانی ئێوە، بۆ نموونە حاڵی حازر فیتنە لەنێوان شیعە و سوننەکاندا هەیە، کوردەکان کە خوازیاری سەربەخۆیین کێشەکانیان لەگەڵ تورکیادا یەکلانەکردۆتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئێوە لە دۆخێکی هەستیاردان و پێویست بە ڕاگرتنی هاوسەنگی دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەمە دەوەستێتەسەر ململانێی نێوان هێزە تەقلیدەکان و هێزە لیبراڵەکان، بۆ نموونە ئەگەر ئیخوان موسلمین دەسەڵات بگرێتەدەست دوای نەمانی موبارەك ئەمە کارەساتێکی گەورە دەبێت).



## فەرید میرباغیر بۆ گوڵان:

# پارتە ئیسلامییەکان تا ئەو کاتە دیموکراسییان قبوڵە کە پێی بگەنە دەسەڵات، دواتر هەڵدەستن بە سەپاندنی تێگەیشتنە تایبەتییەکەی خۆیان لە ئایین بەسەر هاووڵاتیاندا

### دیموکراتی وەک کاڵایەکی ڕۆژئاوایی لە تێڕوانینی عەرەبییدا

لەوانەیە ئەو چەند دێڕەی پێشتر باسمانکرد، دەروازەیەکی باش بێت بۆ ئەوەی لەو ڕوانگەیەوە بدوێین، بۆچی عەرەب دیموکراتی وەك کاڵایەکی ڕۆژئاوایی نامۆ بە شارستانییەتی عەرەبی سەیر دەکات؟ لەمەش خراپتر لەبەر ئەوەی دیاردەی ڕاوەستان دژ بەدیموکراتی لەوڵاتانی عەرەبی زاڵە بەسەر دیاردەی پشتگیریکردن و بونیادی دیموکراتی، دەبینین زۆرجار ئەو نەتەوانەی لەگەڵ عەرەب دەژین لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو کولتوورە عەرەبییە و لەتێگەیشتنی ڕاست بۆ پرۆسەی بونیادی دیموکراتی، سەبارەت بەوەی بۆچی دەوڵەتانی عەرەبی دیموکراتی وەك کاڵایەکی ڕۆژئاوایی دژ بەخۆیان سەیر دەکەن؟ پرۆفیسۆر فەرید میرباغیر لە زانکۆی نیقۆسیا بەمجۆرە وەڵامی ئەم ڕاپۆرتەی دایەوە و وتی: ((پێموانییە بتوانین دید و ڕوانگەیەکی دیاریکراومان هەبێت لە ئاست تێکڕای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە

ئومێدبوونی هاووڵاتیانی عەرەب لە یموکراسی» بۆ و پێوەندییە گەڕێتەوە کەلە ان ئازادبوونی ئابووری و دیموکراسی ستەقینەدا لەم ڵاتانەدا هەیە

ەمیشە هێزە ئایینییە ەقلیدییەکان ەڵساون بە ەڵستی کردن و ەنگاربونەوەی ئەو هێز و وتنەوانەی کە گەلێکی لیبراڵی بوونە

چەندیــن وڵاتی عەرەبــی لەخۆگرتووە، هەروەها تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکەش لــە خۆدەگرێت، لە هەمــان کاتدا لە نێو زۆرێك لەم وڵاتانــەدا کەمینە و نەتەوەی دیکە بوونیان هەیە، هەر بۆیە مەبەســتم ئەوەیــە نابێت هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەیەك ئاستدا ببینین لە پێوەندیدا بە بەرەوپێشــچونی دیموکراسیەوە، ئەگەر ئێمە دیموکراســی بەو شــێوە لێکبدەینەوە کە بریتییە لە حکومڕانێتی خەڵك لەلایەن خەڵك و لە پێنــاوی خەڵکدا، ئەوا هەموو کەس پشــتگیری لە دیموکراسی دەکات، بەڵام ئەگەر پێمان وابێت دیموکراسی کورت دەبێتــەوە لە شــێوە ئازادییەکی دیاریکراو کەلــە وڵاتانی رۆژئاوادا پیــادە دەکرێت، ئەوا رەنگە هەڵوێستی جیاواز بێتە ئاراوە. دواتر دیموکراســی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەســەڵات لە خۆدەگرێت، بــەڵام رەنگە کەسانێك هەبن بەرهەڵســتی دیموکراسی بکەن تەنیا بۆ ئەوەی درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن، واتە لە روانگەی پاراســتنی بەرژەوەندیەکانیانەوە دژایەتی دیموکراسی دەکەن. رەنگە کەســانێکیش هەبن لەسەر ئەساســی ئایدۆلۆژی دیموکراســی رەت بکەنەوە بــە تایبەتی ئەو گرووپانەی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن. بەڵام ئایا ئەو کەس و گرووپانــە نوێنەرایەتی تەواوی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دەکــەن؟ باوەڕم وایە دەکرێت دیموکراســی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا گەشــە بکات و بەرەوپێشەوە بچێت، بــەڵام دەبێــت لەم پرۆســەیەدا تایبەتمەنــدی و هەلومەرجــی تایبەتی وڵات و کۆمەڵگەکە لەبەرچاوبگرین)).

بەڵام هەر ســەبارەت بەم پرسە خاتوو شانا مارشاڵ لەزانکۆی میریلاند بۆچوونێکی دیکەی هەیە و لە وەڵامی ئەوەی بۆچی لە رۆژهەڵات دیموکراتی وەك هاوردەیەکی رۆژئاوایی ســەیر دەکرێت، بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئــەم راپۆرتە خســتەڕوو: (لە راســتیدا حکومڕانــە تاکڕەوەکانی وڵاتە عەرەبیەکان زۆر ژیرانە ئەم هەســتی دژە رۆژئاواییە بۆ درێژەدان بەدەسەڵات بەکار دەهێنــن. تەنانەت ئەو ســەرکردانەش کە بەهۆی پاڵپشــتی رۆژئاواوە دەسەڵاتیان گرتۆتەدەســت و درێژەیان بەدەسەڵات داوە ئەم هەستی دژە رۆژئاواییە بەکار دەهێنن بۆ سەرقاڵکردنی هاووڵاتیەکانیان بۆ ئەوەی



## مایکل مەنگەر بۆ گوڵان:

# پێش درووستبوونی پرۆسەیەکی دیموکراسیی بەهێز، زۆر پێویستە پێشوەختە سیستەمێکی دادوەریی بەهێز و راستگۆ و پاک بوونی هەبێت

تەرکیز لەسەر سیاسەتە دیکتاتۆرییەکانیان نەکەن. بــۆ نموونە زۆرێك لــەم رژێمانە هەڵسان بە دەرکردنی یاسایەك کە هاوکاری دەرەکی لە رێکخراوە ناحکومیەکان قەدەغە دەکەن و ئــەو رێکخراوانەش وەك هێزێکی تێکدەر و زمانحاڵی وڵاتانی دەرەکی وەسف دەکەن. دووەم، ئەزموونی «دیموکراسی» لە ناوچەکەدا- کــە زۆرێك لە هەڵبژاردنە رووکەشییەکان بۆ مەبەســتی درێژەپێدان بە دەســەڵاتی گەندەڵ ئەنجــام دەدرێن- شکستیان هێناوە لە خزمەتکردن بەرژەوەندی خەڵــك. کەواتە جێی سەرســوڕمان نییە خەڵکی دیموکراســی وەك چارەســەرێك بۆ کێشــەکانیان رەت بکەنەوە...لایەنێکی دیکە کە فاکتەرێکی دیکەی شکســتی دیموکراتیــە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا، ئەوەیــە پارتە چــەپ و عەلمانییەکانیش تا رادەیەکی گەورە دوچاری پاشەکشــە هاتــن دوای ئــەوەی یەکێتی ســۆڤیەت هاوکارییەکانــی لێبڕیــن و لــە هەمان کاتدا ئەمریکاش کۆششــێکی زۆری کرد بۆ لاوازکردنیان لە ســەردەمی شــەڕی ســارددا. ئەمەش بووەهۆی ئەوەی تەنیا ئیسلامییەکان وەك تاقە لایەنی موعارەزەی دەسەڵات بمێننەوە)).

ســەبارەت بەوەشــی ئــەم هەســتەی لە دەوڵەتانی عەرەبی دروســت بووە پەیوەستە بەرۆڵی ئەمریکا لە پشتگیریکردنی رژێمە تۆتالیتارییــەکان، پرۆ فیســۆر جۆناســان داڤیــد فاین رایەکی دیکــەی هەیە و بەم راپۆرتــەی راگەیاند: ((ئەوە راســتە کە هەندێ جــار ئەمریــکا بــۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی پشــتگیری لە رژێمە شمولییەکان کردووە، بەڵام پێموانییە دیموکراســی بوون یان نادیموکراسی بوونی رژێمێــك پەیوەســت بێت بە هەڵوێســتی ئیــدارەی ئەمریــکاوە، مەبەســتم ئەوەیە پێوەنــدی وڵاتێکی دیاریکراو بە ئەمریکاوە ئەوە دیاری ناکات ئەو وڵاتە دەبێتە وڵاتێکی دیموکراســی یان نا، بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر وڵاتێك ئیرادە و خواستی هێنانەدی و پیادەکردنی دیموکراسی هەبێت، ئەوا کار و کۆشش دەکات بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بە چاوپۆشــین لە هەڵوێســتی ئەمریکا، ئەگــەر رژێمێکیش خواســتی پیادەکردنی دیموکراســی نەبێت، ئــەوا پەنا بۆ هەموو بیانــو و پاســاوێك دەبات بۆ ئــەوەی کار بــۆ جێبەجێکردنی دیموکراســی نەکات. راستە زۆرجار سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سیاســەتێکی بەرتەسکانە بووە و لەم رووەوە تۆمارێکی رەشی هەیە لە پشتگیری کردن لــە رژێــم و حکومڕانە خراپــەکان، بەڵام بە تەنیــا ئەمریکا ئــەم کارەی نەکردووە، فەڕەنســی و ئیتاڵیا و وڵاتگەلی دیکەش ئەم کارەیان کردووە کە هەندێ جار لە پێناو بەرژەوەندیــە نەتەوەییەکانیاندا رەفتارێکیان کردووە کە دژ و پێچەوانە بووە لەگەڵ بەها ئەخلاقییەکاندا. لەلایەکی دیکەوە هەندێ

جار داڕێژەران و جێبەجێکەرانی سیاسەتی دەرەوە بیرکردنەوەیەکی ساویلکانە و هەندێ جار گێلانەیان هەبووە کە دیموکراسی چارەسەری هەموو کێشەکان لە خۆدەگرێت، بۆ نموونە کوندولیزا رایس باوەڕی وابوو کە بەتەنیا رووخاندنی رژێمەکانی ئەفغانستان، عێراق دەبێتە هۆی هێنانەدی دیموکراسیەتێکی جیفرسۆنی، بەڵام دەرکەوت ئەوە بۆچوونێکی تەواو نەبوو. بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە ئەوەیە، هەمیشە رۆشنبیرانی وڵاتانی عەرەبیش رۆڵێکی ئیجابیان نەبینیوە لە پشتگیری کردن لە دیموکراسی و لە پرۆسەی پەرەپێدانی دیموکراسیدا، بۆ نموونە لە سالآنی پەنجا و شەستەکان چوونە پاڵ هێزە چەپ و رادیکاڵەکان، یاخود دواتر بوونە بەشێك لە رژێمە دەسەڵاتدارەکان، بۆ نموونە بڕواننە رۆشنبیرەکانی سوریا، ئایا هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکیان هەیە لە پەرەپێدانی دیموکراسیدا؟ لەلایەکی دیکەوە ئێستا ئەو رۆشنبیرانە لە ئارادان کە پشتگیری هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەکەن، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی رۆشنبیرانی وڵاتانی عەرەبی رۆڵی ئیجابی و چاوەڕوانکراوی خۆیان نەبینیوە لەچوارچێوەی هەوڵەکانی هێنانەدی دیموکراسیدا)).

سەبارەت بە کاریگەری سلبی هێز و پارتە ئیسلامییەکانیش لە پووکانەوەی باهۆزی دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبی، پرۆفیسۆر میرباغیر راشکاوانە و بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستەڕوو: ((دژی تێکەڵکردنی ئیسلام و سیاسەتم، دژی تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەتم، لەگەڵ جیاکردنەوەی دامەزراوە ئایینییەکانم لە دامەزراوە سیاسییەکان، ئەمە بەو مانایە نایەت کە دامەزراوە ئایینییەکان بیروبۆچوونی سیاسییان نەبێت، بەڵکو بەو مانایە دێت کە دەسەڵاتی سیاسی نەگرنەدەست. چونکە ئەگەر ئایین و سیاسەت تێکەڵکران، ئەوکاتە ئاین بە سیاسی دەبێت، ئەمەش لەدەستدانی پاکی و بێگەردی ئایینی دێت و ئەو کاتە دەبێت بە چەشنی پارتە سیاسییەکانی دیکە پەنا بۆ هەموو گەمە و تاکتیکە سیاسییەکان ببات و شەڕی دەسەڵات بکات. دواتر ئێمە ئەزموونی گرتنەدەستی دەسەڵاتمان هەیە لە لایەن پارتە ئیسلامییەکانەوە کە ئەم ئەزموونانەش ئاماژە بەوە دەکەن هەر




حکومڕانە
ڕەوەکانی وڵاتە
رەبیەکان زۆر
انە ئەم هەستی
رە رۆژئاواییە
بۆ درێژەدان
دەسەڵات بەکار
دەهێنن

هەندێ جار
ئەمریکا بۆ
پەرەپێدانی
ەرژەوەندییە
تەوەییەکانی
گیری لە رژێمە
تمولییەکان
کردووە

پاولا پیکرنگ بۆ گوڵان:

# بنەما و بناغەی سەرەکی دیموکراسی بریتییە لەوەی خەڵک لە ڕێی هەڵبژاردنەکانەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن



کاتێك ئیسلامییەکان جڵەوی دەسەڵاتیان گرتبێتە دەست، ئەوا دیموکراسی دوچاری گیروگرفتی گەورە بووە، دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە هەردوو وڵاتی سودان و ئەفغانستان بکەین، لە لایەکی دیکەوە ئەو حاڵەتە لە ئارادایە کە پارتە ئیسلامییەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە هەر هاووڵاتیەك خاوەنی یەك دەنگ بێت و بۆ یەك جاریش دەنگ بدات، مەبەستم ئەوەیە ئەوان تا ئەو کاتە دیموکراسییان قبوڵە کە پێی بگەنە دەسەڵات، دواتر هەڵدەستن بە سەپاندنی تێگەیشتنە تایبەتییەکەی خۆیان لە ئایین بەسەر هاووڵاتیاندا)).

ئەوەی بارغامیر ئاماژەی پێکردوو ئەوەشی شانا ماشاڵ ئاماژەی پێکرد هەردووکیان لەیەك خاڵدا یەکدەگرنەوە کە چ حزبە ئیسلامیە سیاسییەکان و چ حزبە چەپ و عەلمانییەکان لەوڵاتی عەرەبیدا نەیانتوانییوە زەمینەیەك بۆ دروستکردنی کولتورێکی دیموکراسی خۆش بکەن و ڕۆڵێکی کاریگەرانە بگێڕن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕۆڵێکی سلبیان گێڕاوە و ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانن قۆناغی ڕاگواستن تێپەڕێنن.

## قۆناغی ڕاگواستن و کاریگەری کولتووری دیموکراتی

کاتێك سەیری پرۆسەی سیاسی یان پێکهاتەی پرۆسەی سیاسی دەوڵەتانی عەرەبی دەکەین و لەگەڵ هەنگاوەکان بۆ بونیادی دیموکراسی بەراوردیان دەکەین، دەبینین هەموو ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن لە قۆناغی ڕاگواستن لە حکومڕانی تۆتالیتارییەوە بۆ دیموکراتی هەڵبگیرێن، لەو وڵاتانە هەڵگیراون، هەربۆنموونە ئێستا لەهەموو دەوڵەتانی عەرەبیدا پەرلەمان بە ناوی جیاواز هەیە و هەمووشیان بانگەشەی ئەوە دەکەن دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ لەوڵاتدا بوونی هەیە، بەڵام بۆ ئەمە میکانیزمی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان نابێتە فاکتەرێك بۆ وەرچەرخان بۆ دیموکراسی، ئەم پرسیارەمان ڕووبەڕووی پرۆفیسۆر پاولا پیکرنگ لە زانکۆی ویلیام و ماری کردەوە و لە وەڵامدا بەم ڕاپۆرتەی ڕاگەیاند: ((دابەشکردنی دەسەڵات لە ڕووی نەزەرییەوە جیاوازە لە جێبەجێکردنی ئەم پرسە لەسەر ئەرزی واقیع، کە ئەمەی دواییان ئەرکێکی زەحمەتە و پێویستی بە خەڵکانێك هەیە کە وریا و چاوکراوە بن و هەوڵی گرتنەبەری ڕێسای شەفاف بدەن لە سیاسەتدا، لەڕووی تیۆرییەوە ئامانج لە دابەشکردنی دەسەڵات ئەوەیە کە ڕێگە لە کۆبوونەوە و چڕبوونەوەی دەسەڵات بگیرێت لە دەستی کەسێك یان دەزگایەکدا. هەروەها بنەما و بناغەی سەرەکی دیموکراسی بریتییە لەوەی خەڵك لە ڕێی هەڵبژاردنەکانەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن....بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە کاتێك دەبینین ئەم دابەشکرنە بەجۆرێکی دیکە پیادە دەبێت و دادگاکان هێزێکی تایبەتیان نییە بۆ ئەوەی هەڵبستن بە جێبەجێکردن و سەپاندنی ئەو حوکمانەی دەری دەکەن لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە، بەڵکو ئەرك و وەزیفەی ئەوان تەنیا دەرکردنی بڕیار و حوکمەکانە و دواتر ئەم مەسەلەیە دەوەستێتە سەر لایەنە پێوەندیدارەکان کە ڕێوشوێنی پێویست لەم ڕووەوە بگرنەبەر. هەروەها سەروەریی یاسا گرنگە بۆ بەردەوام بوونی دیموکراسی، هەنگاوی یەکەمیش لەم ڕووەوە بریتییە لە گۆشکردنی خەڵك لەسەر بەها و گرنگی سەروەریی یاسا و چۆنییەتی بەشداری کردنیان لە چەسپاندنیدا لەسەر ئەرزی واقیع)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە پرسی گەشەپێدان و بونیادی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان ئامانجی خۆیان بەدیبهێنن و سەروەریی یاسا بچەسپێت، پرۆفیسۆر مایکل مەنگەر لەزانکۆی دیوك بەمجۆرە سەبارەت بە گرفتەکانی ئەو قۆناغە بۆ ئەم ڕاپۆرتە هاتە ئاخافتن: ((لە گرفتەکانی گواستنەوە فێری زۆر شت بووینە. زەحمەتترین کێشە بریتییە لە چاکسازیی سیستەمی یاسایی لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە دادوەرەکان و هێزەکانی پۆلیس و بەرپرسە گشتییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە یاسا پیادەبکەن و کە یاسا لەسەر هەمووان و بە یەکسانی جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر ئەو شتانە ڕوونەدەن، ئەوە گواستنەوەی سیاسیی هەرگیز بەشێوەیەکی تەواو کاریگەر نابێت و ئەنجام نادرێت. هەر بۆیە، کێشەی قۆناغی گواستنەوە ئەوەیە کە دەنگدەران بەشێوەیەکی تەواو متمانەیان بە حکومەت نییە. زۆربەی پسپۆران و پرۆفیسۆرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کە پێش دروستبوونی پرۆسەیەکی دیموکراسیی بەهێز، زۆر پێویستە پێشوەختە سیستەمێکی دادوەریی بەهێز و ڕاستگۆ و پاك بوونی هەبێت... هەروەها هەبوونی ئابوورییەکی بازاڕ لەپێناوی خوڵقاندنی چینی ناوەڕاست، کە هێزێکی پاڵپشتیکەرە لە پاراستنی کارایی حکومەت. کێشەی عێراق ئەوەیە کە وڵاتەکە خاوەن سامانێکی دەوڵەمەندە لە کانزای نەوت و ئەو سامانە هاندەرێکە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی. سامانی نەوت هانی سیاسەتوانەکان دەدات بۆ بەڵێندان لەسەر داگرتنی نرخەکانی بەنزین و کەمکردنەوەی ڕێژەی باجەکانی حکومەت)).